# کاتێک دەوڵەتە ئیسلامییەکان دان بەمافی برا موسڵمانەکانیاندا نانێن

خەونی هەموو گەلێك ئەوەیە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت، خەونی لە مێژینەی کوردانیش بە درێژایی مێژوو دەوڵەتی کوردستان بووە. ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین کە موسڵماننشینە، بۆیە ئەگەر جەخت بکەینەوە لەسەر پاساوە ئایینییەکان، ئەوا یەکەم پاساوی ئایینی بۆ ئەوەی کوردستان خاوەنی دەوڵەت بێت، ئەوەیە کە خودا یەك زەوی دروست کردو ئێمەی لەسەر ئەم گۆی زەوییە نیشتەجێ کردو، ئیدی ئەوە مرۆڤەکان بوون ناویان لەشوێنەکان ناوەو، گۆی زەوییان بە حەوت کیشوەر ناوزەد کردووەو، لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەپێی باڵادەستبوون و بەهێزیی خۆیان ئەم سنوورانەیان کێشاوە.

ئایین لە بچووکترین پێوەندی نێوان دوو کەس، یان دوو هاوکاردا دەڵێت: دەبێت رەزامەندیی هەردوو لای لەسەر بێت و نابێت بە زۆر بێت. ئەی ئایا پێکەوەلکاندنی گەلان لە چوارچێوەی سنوورێکدا کە وەك تەنوورە، نەك سنوور، تیایدا گەلان دەسووتێن و لەنێو دەبرێن، ئەمە لەپای چییە؟ ئایا خودا ئەمەی پێ قبووڵە تۆ کیمیاباران بکرێیت و بسووتێنرێیت و لەنێو ببردرێیت و مافت ژێرپێ بخرێت؟ هەموو ئەمانە بێگومان خودا قبووڵی نییە، بەڵام لەپای چی ئەمە روودەدات؟ لەپای ئەوە روودەدات کە بە هێڵێك سنوورێك دەکێشرێت کە بەپێی بەرژەوەندیی گەلانی براوەیە لەجەنگەکاندا، لەئەنجامیشدا ئەم سنوورە دەبێت بە تەنوورو خەڵك لەنێویدا دەسووتێت.

بۆیە دەبێت هەموو پێوەندییەکان لەسەر بنەمای ئازادی و ئیرادەی مرۆڤەکان پێك بێن، بێگومان دەبێت سنوورەکانیش بەهەمان شێوە بن.

لەمانگی یازدەی ٢٠٠١ ئەم کێشەیەم خستەڕوو لەبابەتێکدا بەناونیشانی (مافی گەلان لەبەردەمی ئاستەنگی سنووری نێودەوڵەتی)، چونکە لە راستیدا جێی پرسیارە کە ئەم سنوورانە چۆن کێشراون؟ خۆ خەڵکێك هەیە بپرسێت و بڵێت: ئایا ئەم سنوورانە بە رەزامەندیی گشت گەلان کێشراون، یان براوەکانی جەنگ کێشاویانە؟ ئەوەتا دەبینیت یەکێتیی سۆڤیەتی جاران دابەش دەبێت و دەبێتە چەندین کۆمار، دەبینیت چیکۆسلۆڤاك لەیەك جیادەبنەوە دەبنە چیك و سلۆڤاك، دەبینیت یۆگسلاڤیای جاران دەبنە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

شەش کۆمار، دەبینیت تەیموری ڕۆژهەڵات لەئەندۆنیزیا جیادەبێتەوە، باشووری سوودان لە سوودان جیادەکەنەوەو دەبێتە دەوڵەت، هەموو ئەمانە مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، ئەی ئەم مافە ئەگەر مافە، بۆچی تا ئێستا بۆ گەلی کوردستان نییە؟

کەواتە لە ڕووی ئایینییەوە:

**یەکەم:** سنووری نێودەوڵەتی خواکرد نییە، بەڵکو مرۆڤکردە، مرۆڤەکانیش لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان کردوویانە.

**دووەم:** سنوورەکان دەبێت ئارەزوومەندانە دیار بکرێن، نەك دەرهاویشتەی جەنگە جیهانییەکان بن.

**سێیەم:** ئایین فێرمان دەکات بەدوای ئەو شوێنەوە بین کە مافەکانمان دەکەوێتە لایان، بۆیە بۆمان هەیە ئێمە وەك کورد بپرسین: مافەکانمان لای کێن؟

هەندێك دەڵێن: مافەکانتان لە بەریتانیاو فەرەنسا داوا بکەن، چونکە لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی -سایکس پیکۆ-وە بەریتانیا و فەرەنسا نەخشەی ناوچەکەیان دارشتۆتەوە، ئێمەش دەڵێین: بەڵام ئێستا کوردستان دابەش کراوەتە سەر چوار وڵاتی ئیسلامیی وەك عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا.

کێ ڕێگەی لە تورکیا گرتووە ئەگەر دان بەمافی کورددا بنێت و ئەو بەشەی کوردستان ئازاد بکات بۆ گەیشتن بە مافەکانی؟

کێ ڕێگەی لە ئێرانی ئیسلامی گرتووە کە ڕێگە بدات بە کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان؟

کێ ڕێگەی لە سووریای موسڵمان گرتووە کە یارمەتی کوردانی ڕۆژئاوا بدات بۆ دەستخستنی مافە نەتەوەییەکانیان؟

ئێستا عێراق کە حزبە ئیسلامییە شیعەکان حوکمی دەکەن، وەك حزبی دەعوە و مەجلسی ئەعلاو ئەحرارو فەزیلە، باشە ئەم برا موسڵمان و دەسەڵاتە ئیسلامییەی ئێستای عێراق بۆ بە هەرێمی کوردستان ناڵێن خوا پێوەندییەکانی نێوان ئێمەو ئێوەی لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە داناوە، ئەوە ئێمە مافی بڕیاردانی چارەنووستان دەدەینێ و، خۆتان لەسەر مانەوە، یان جودابوونەوە لەعێراق بڕیار بدەن؟



# بارزانی مستەفا

## پێناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی و وەرچەرخان لە ترس و نیگەرانییەوە بۆ ئومێد و متمانە بەخۆبوون

**ئیرادە و فیکری بارزانی مستەفا پێمان دەڵێت، ئەوەی مومکینە بکرێت و نەتەوە داواتان لێدەکات، ئەوەیە بازنەی تەسکی حزبایەتی بەجێ بهێڵن و لەناو بازنەی فراوانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا هەمووتان ببنە یەک ئیرادە بۆ ئەوەی نەتەوەکەتان وەک نەتەوەیەکی ئازاد پێناسە بکەنەوەو ئومێد و متمانەبەخۆبوونی بۆ بگێڕنەوە، کە گەیشتنە ئەم ئامانجە و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست بوو، ئەوکاتە کێشەی سەرەکی چارەسەر دەبێت و دەتوانن خۆتان بە کێشەی لاوەکیی حزبایەتییەوە سەرقاڵ بکەن**

**سەرۆک مسعود بارزانی بە هەموو کوردستانییانی ڕاگەیاندووە، دەبێت و پێویستە لە پەرتەوازەیی و سیاسەتی کورتبینانەی حزبی و ئایدیۆلۆژی دوور بکەینەوەو پێکەوە ئیرادەیەکی یەکگرتوو دروست بکەین و پێکەوە بڕیاری چارەنووسساز بەرەو سەربەخۆیی بدەین**

بیری نەتەوەیی لە فیکری -بارزانی مستەفا-دا لە خاڵی هۆشیاری و بەئاگابوون لەو قۆناخە مێژووییەوە دەست پێدەکات کە پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ مێژوودا دروست دەکات، بۆ ئەوەی لە ئێستا تێبگەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تێگەیشتن لە ئێستای ئەم قۆناخە مێژووییە جۆرێکە لە وەرچەرخان و پێکەوە گرێدانەوەی مێژووی نەتەوە بە ئێستا و داهاتووەوە.

پێناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی لەم فیکرەدا دیدێکی تازەیە بۆ پرسیار و بەرپەرچدانەوە، ئەمەش واتە پرسیارکردن سەبارەت بەوەی کە مومکینە و لەبەردەستەو دەتوانرێت بکرێت، هەروەها بەرپەرچدانەوەشە دژی ئەو دیاردە باوانەی کە لەم سەردەمەدا هەن و ئاستەنگ بۆ کوردایەتی و کوردستانیبوون دروست دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا فیکری بارزانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەدا ئەو پرسیارە دەوروژێنێت: ئایا دەتوانین بیر لە شۆڕشی سەرتاسەری بکەینەوە و هەموو پێکەوە ناوچەگەری و پەرتەوازەیی رەتبکەینەوە؟ ئەگەر سەرنج لەم پرسیارە بدەین، ئەوا بەشێکی پرسیارەکە لەسەر ئەوەی مومکینە و ئیرادەی نەتەوەی کورد دەتوانێت ئەنجامی بدات، بەشی دووەمیشی رەتکردنەوەیە لەسەر دیاردەی باوی ئەو سەردەمە کە سنووری خەبات و شۆڕش ناوچەگەری تێنەپەڕاندووە.

لەناو ئەم فیکرەدا، بیری نەتەوەیی دەبێتە کرۆکی مێژوو، بەئاگابوون و قاڵبوونەوە لەناو ئەو مێژووەدا دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە یەك کاتدا مۆرکی رەسەنایەتی و هاوچەرخبوون بە بەری کوردایەتیدا بکات و بیری نەتەوەیی وەك دەرهاویشتەی مێژووی خەبات و قوربانیدان و ئیرادەی نەتەوە بەرجەستە دەکاتەوە، نەك وەك ئەفسانە، یان ئایدیۆلۆژیەتێکی تۆباوی، ئەمەش بەرەنجامی ئەوەیە کە رەسەنایەتی و هاوچەرخبوون لە مێژووی نەتەوە و ئێستای نەتەوەوە سەرچاوە دەگرن و لەخۆی تێدەگات و بەرچاوی رۆشن دەبێتەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوی دروست بۆ ئێستا و ئایندە هەڵبگرێت.

کەواتە بیری نەتەوەیی لە فیکری -بارزانی مستەفا-دا لە رۆشنکردنەوەی رێگای نەتەوە لە چوارچێوەی مومکیندا دەست پێدەکات و لە رەتکردنەوەی ناوچەگەری و پەرتەوازەیی نەتەوەدا کۆڵەگە سەرەکییەکانی خۆی لە ناو رەگ و ریشەی مێژوودا دەچەسپێنێت، ئەمەش ئەو پەند و وانە مێژووییەمان فێردەکات، یەکەمجار رۆشنگەری و رۆشنکردنەوەی رێگەی ئێستا و داهاتووی نەتەوە، ئەوجا دووبارە خوێندنەوەو دارشتنەوەی بیری نەتەوەیی.

لەم بازنەیەدا پێناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە فیکری بارزانی-دا نابێتە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە گوتارەکەی لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نییە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ ئەم فیکرە هۆشیارییەکمان پێدەبەخشێت کە ئێستامان وەك خۆی بخوێنینەوەو وەڵامی کێشەو ئاستەنگەکانی ئێستامان بدەینەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بیری نەتەوەیی لە فیکری بارزانی-دا، دەقێکی تۆزلێنیشتووی کتێبە مێژووییەکانی ناو کتێبخانەی نەتەوە نییە، بەڵکو میتۆدێکی گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو و دەقێکی تازەی مێژووی نەتەوە بەدەستی خۆی دەنووسێتەوە، راشکاوانەتر ئەم فیکرە پێمان دەڵێت: ئێوە مێژووی کۆن جارێکی دیکە نانووسنەوە، بەڵکو بە گەڕانەوەتان بۆ مێژوو دەتوانن مێژووی رابردوو و ئێستا و داهاتوو پێکەوە گرێبدەنەوە.

ئەم فیکرە هانمان دەدات پرسیار لەو قۆناخە بکەین کە ئێستا خۆمان تیایدا دەژین، هەروەها پێمان دەڵێت: لە خۆتان بپرسن نەتەوە دەتوانێت چی بکات و پێویستە چ رەتبکاتەوە؟ هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی مومکین و رەتکردنەوەی پێویست لە یەك کاتدا ئێستا بە رابردووەوە گرێدەداتەوە و لە هەمانکاتدا هۆشیارییەکی ئەوتۆشمان پێدەبەخشێت کە بتوانین لە ئێستای خۆمان تێبگەین و وەڵامی ئەو پرسیارانەش بدەینەوە کە ئەم قۆناخە ئاراستەمان دەکات، ئەو دیاردانەش رەتبکەینەوە کە ئەم قۆناخە لێمان دەخوازێت.

جیاوازیی فیکری بارزانی لەگەڵ هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی دیکە ئەوەیە، هیچ ئایدیۆلۆژیەتێك ناتوانێت لەسەردەمە جیاوازەکاندا خوێندنەوەی دروستی بۆ هەموو قۆناخەکان هەبێت، بەڵام فیکری بارزانی وەك میتۆدێك بۆ پێناسەکردنەوەی فیکری نەتەوەیی لە هەموو سەردەمێکدا پێناسەو خوێندنەوەی جیاواز بۆ سەردەمە جیاوازەکان بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك ئەم میتۆدە فێرمان دەکات

بگەڕێینەوە بۆ ناو مێژوو، ئەمە بەو مانایە نییە لە بیرکردنەوە بۆ تێگەیشتن لە ئێستامان داببڕێین، بەڵکو بۆ ئەوەیە دیالۆگ لەگەڵ مێژووی نەتەوەیی دابمەزرێنین و لەو خاڵەوە دەست پێبکەینەوە کە پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە و تا دەگەینەوە ئەوەی لە ئێستا بیر لە چی بکەینەوە.

لەم تێڕوانینە، فیکری بارزانی تایبەت نییە بە سەردەمێکی دیاریکراو، یان بڵێین سەردەمی بارزانی مستەفا لەم سەردەمەی ئێستامان جیاواز بووە، بەڵکو ئەم فیکرە، فێرمان دەکات، بارزانی لەسەردەمی خۆیدا پرسیاری (چی مومکینە بکەین و پێویستە چی ڕەتبکەینەوە؟ )ی لە چ بارودۆخێکدا کردووەو، ئێستا ئێمە لە چ بارودۆخێکدا هەمان پرسیار و ڕەتکردنەوە دووبارە دەکەینەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك دەگەڕێینەوە ناو ئەم مێژووە، دەگەڕێینەوە ناو هەمان میتۆدی پرسیارو ڕەتکردنەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوە ناکەین، هەمان وەڵامی سەردەمی بارزانی مستەفا-مان دەست بکەوێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو هەقیقەتە بێنینە بەرچاومان و لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەگەر ئێستا مستەفا بارزانی لە ژیاندا بمایە، هەمان پرسیاری ٦٠-٧٠ ساڵ پێش ئێستای لە قۆناخەکە دەکرد، یان هەوڵیدەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەم قۆناخە ئاراستە فیکری نەتەوەیی دەکات؟ ئەمە مانای ئەوەیە فیکری بارزانی داوای ئەوەمان لێدەکات بە دوای ئەوەدا نەگەڕێین کە بارزانی مستەفا لە سەردەمی خۆی چۆن وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، بەڵکو دەبێت بە دوای ئەوەدا بگەڕێین، ئایا ئێمەش وەك سەردەمی بارزانی دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە لەم قۆناخەدا فیکری نەتەوەیی ڕووبەڕووی ئێمەی دەکاتەوە؟

## ● پرسیار و ڕەتکردنەوەی مستەفا بارزانی لە نوێکردنەوەی بیری نەتەوەییدا

کاتێك دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا دروشمی «ئەمریکا پێش هەموو شت» بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەرزدەکاتەوە و هەر بەم دروشمەشەوە دەچێتە کۆشکی سپی و دیسانیش لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنەکەیدا وەك سەرۆکی ئەمریکا دووبارەی دەکاتەوە، ئەوا ئەم دروشمە داهێنراوی فیکری ترەمپ نییە، بەڵکو ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژووی سەرۆکەکانی ئەمریکا و گرێدانەوەی ئەو مێژووەیە بە کێشە و پێداویستیەکانی ئێستای ئەمریکاوە. ترەمپ هەمان دروشمی ڕابردوو دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو هەوڵیداوە دروشمە کۆنەکەی ناو مێژوو لەبەر ڕۆشنایی واقیعی ئێستای ئەمریکا دووبارە پێناسە بکاتەوە و هەوڵدەدات لەناو ئەم مێژووەوە دووبارە هەمان ئەو پرسیارەی سەرۆکەکانی پێش خۆی بکاتەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوە ناکات سەرۆکەکانی پێشتری ئەمریکا چۆن وەڵامیان داوەتەوە، ئەویش هەمان وەڵام دووبارە بکاتەوە، بەپێچەوانەوە لە ئێستادا و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شکۆ و مەزنایەتی بۆ ئەمریکا بگەڕێتەوە، بایەخ بەم پرسیارە دەدات: دەبێت چی بکرێت و پێوستە چی ڕەتبکاتەوە؟ ئەم پرسیارو ڕەتکردنەوەیەی ئێستای ترەمپ، تێگەیشتنە لە کێشەکانی ئێستای ئەمریکا و تێپەڕاندنی ئەو چەمکە باوانەی ئێستای جیهانی ڕۆژئاوایە کە دیموکراتی و لیبراڵیزمی پێکەوە کردۆتە ئایدیۆلۆژیەتێکی چەقبەستبوو، کە گوتارەکەی لە واقیعدا بوونی نییە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیاری چی مومکینە بکرێت و چی پێویستە ڕەتبکرێتەوە، پێویستی بە هەمان ئەو ئیرادەیە هەیە کە سەرۆکەکانی پێشتر توانیویانە وەڵامی پێویست بۆ پرسیاری چی مومکینە بکرێت و پێویستە چی ڕەتبکرێتەوە، بدەنەوە.

شێوازی مامەڵەکردنی دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ ئەو پرسیارانەی کێشەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی دەکەنەوە، هەموو جیهانی دووچاری سەرسامییەکی بێ وێنەکردووە. وەك لە ڕاپۆرتی کۆنفرانسی میونشن (٢٠١٧) ئاماژەی پێکراوە، ئەم شێوازەی ترەمپ ترس و نیگەرانی لای دۆست و دوژمنەکانی ئەمریکاش دروست کردووە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەنگاوەکانی ترەمپ بەو ئاراستەیەن کە چیدیکە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەکات بە قوربانی جیهانگیری و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی وەرچەرخانی دیموکراتی لیبراڵی بەرەو ئایدیۆلۆژیەتێکی چەقبەستوو، بەڵکو دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەمریکابوونە لەبەر ڕۆشنایی ئیمکانیەتی ئێستای ئەمریکا و

**لەناو مێژووی کوردو کوردستاندا، مستەفا بارزانی یەکێکە لە ڕێبەرانی نەتەوە، بەڵام جیاوازی ئەو لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی نەتەوەییمان ئەوەیە، مستەفا بارزانی جڵەوی ڕێبەرایەتی لە ڕێبەرانی پێش خۆی (شێخ مەحمودی حەفید و پێشەوا قازی محەمەد) وەرگرتووە و شێوازی خەباتی لە ناوچەگەرییەوە گۆڕیوە بۆ خەباتی سەرتاسەری کوردستانی و هەموو ڕێبەرانی نەتەوەی پێکەوە کۆکردۆتەوە**

**نازناوی ڕێبەرانی نەتەوە بە سەرکردەی ئاسایی نابەخشرێت، بەڵکو بەو سەرکردانە دەبەخشرێت کە لە دووڕیانی مان و نەمانی نەتەوەدا دەبنە فریادڕەس و بڕیاری قورس و چارەنووسساز دەدەن و ئایندەی نەتەوە لە کارەساتەوە دەگۆڕن بۆ ڕزگاری و سەفرازی**

**کاتێک یادی ڕێبەرانی نەتەوە دەکەینەوە، ئەوە ئەوان نین کە پێویستیان بەوە بێت، ئێمە یادیان بکەینەوە، بەڵکو ئەوە ئێمەین پێویستمان بەوەیە لە ئیرادەی ئەوانەوە فێری ئەوە بین کە لەناو ئاسمانی تەمومژاوی و شەوەزەنگی قەیرانەکاندا پەنجەرەیەکی ڕووناکی بە ڕووی نەتەوەدا بکەینەوە**



**ئەگەر یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی رێبەرانی نەتەوە پەیامێک بێت بۆ نەوەکانی ئێستا، ئەوا ئەو پەیامە ئەوەیە کە ئیرادەی رێبەرانی نەتەوە بە زیندوویی بهێڵینەوە و هەوڵبدەین لە رۆژە سەخت و دژوارەکاندا هەمان ئیرادە دووبارە زیندوو بکەینەوە، بۆ ئەوەی کێشە و قەیرانەکانی ئێستامانی پێ چارەسەر بکەین**

**لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا، سەروەریی یاسا فەزایەکی تەندروستی ئەوتۆی دروستکردبوو، کە نەک هەر تەنیا هاووڵاتیانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەستیان بەئارامی و متمانەبەخۆبوون دەکرد، گیانلەبەر و پەلەوەر و دارستانەکانیش هەستیان بە ئارامی دەکردو هیچ کەسێک نەیدەتوانی دارێک ببڕێتەوە، یان راو بکات و گیانلەبەرە بەسوودەکانی کوردستان بکوژێت، یان تەنانەت ئەگەر لەکات و وادەی خۆیدا نەبوویێت، رێگە نەدراوە راوی ماسیش بکرێت**

دوورکەوتنەوە لە دەرهاویشتە نەرێنییەکان.

ئاماژەکردنمان بۆ دروشمەکەی ترەمپ (ئەمریکا پێش هەموو شتێك)، گەڕانەوەیە بۆ ئەو بنەما سەرەکییەی کە میتۆدی دووبارە پیناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە ناو کرۆکیی مێژوودا، داوا لەهەموو نەتەوەکانی جیهان دەکات، ئەمەش بەو مانایەی هەموو نەتەوەکانی جیهان ئەگەر بیانەوێت مامەڵە لەگەڵ ئێستای خۆیان بکەن، دەبێت پێش هەموو شت بگەڕێنەوە ناو مێژووی خۆیان بۆ ئەوەی لە ئێستای خۆیان تێبگەن و بزانن چۆن هەنگاو بۆ ئایندە هەڵدەگرن.

ئەگەر ئێمەی کوردو کوردستانی بمانەوێت لەسەر ئەم میتۆدە قۆناخی رۆشنکردنەوەی نەتەوەکانی جیهان لە ئێستای خۆمان تێبگەین و هەوڵبدەین هەنگاو بۆ ئایندەیەکی رۆشن هەڵبگرین، ئەوا هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی کوێرانەی گەل و نەتەوەی دیکەو خۆگرێدانەوە بە ئایدیۆلۆژیەتە چەقبەستووەکان، ناتوانن هاوکار و یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی بتوانین لە خۆمان تێبگەین و هەنگاو بۆ ئایندەیەکی رۆشن هەڵبگرین، بەڵکو بەپێچەوانە دەبێت بگەڕێینەوە ناو مێژووی خۆمان بۆ ئەوەی رابردوو بە ئێستا و داهاتووەوە گرێبدەینەوە، لێرەدا گرنگە لەسەر شێوازی گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو هەڵوەستەیەکی جددی بکەین و بزانین کاتێك دەگەڕێینەوە ناو مێژوو، چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژوو دەکەین، ئەمەش بەو مانایەی ئامانج لە گەڕانەوە بۆ



**شۆڕشی ئەیلوول تاکە شۆڕشی ڕزگاریخوازە لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا کە لەژێر چەتری سەروەریی یاسا شۆڕشی کردووە، ئەم حاڵەتە دەگمەنەی شۆڕشی ئەیلوول لە هیچ شۆڕشێکی دیکەی جیهاندا بە هەردوو شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکاشەوە بوونی نییە**

**لەساڵی ١٩٦٤ لێکترازان دروستبوو و باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە، لەگەڵ ئەوەی ماوەی نزیکەی شەش ساڵ لە بارزانی دوورکەوتنەوە، بەڵام هەتا ئێستاش هیچ کام لەبرادەرانی باڵی مەکتەبی سیاسی نە لەسەر جیابوونەوەکەیان ئاماژەیان بە جیاوازی، یان کێشەیەک لەگەڵ مستەفا بارزانی کردووە، نە ئاماژەشیان بەوە کردووە دوای ساڵی ١٩٧٠ لەسەر چی لەگەڵ مستەفا بارزانی ڕێککەوتنەوە**

ناو مێژوو ئەوە نییە بەجۆرێکی جیاواز مێژوو بخوێنینەوە، بەڵکو ئامانج ئەوەیە چۆن ئێستا و داهاتوو دەکەینە ئەڵقەیەکی پێکەوەگرێدراوی مێژووی ڕابردوو، بە دیوێکی دیکە زنجیرەی مێژووی نەتەوە لێکناترازێنین و لە قۆناخێکی دیاریکراودا خۆمان بەندی مێژوو ناکەین، بەڵکو هەموو مێژوو وەك زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدارو دەخوێنینەوە و هەوڵدەدەین ئەڵقەکانی ئەم زنجیرە زیاتر بکەین.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کاتێك لەناو فیکری بارزانی-دا خۆمان فێری خوێندنەوەی مێژوو دەکەین، دەبینین لەگەڵ فیکری بارزانی-دا مێژووی کوردو کوردستان دەبێتە زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو و شێوازی خەبات و مامەڵەکردنی بارزانی لەگەڵ ئەو مێژووە دەبێتە ئەڵقەیەکی دیکەی ئەو مێژووە، ئەوسا بارزانی بە ڕابردوو گرێدەداتەوە. ئەمەش یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی دووبارە پێناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە فیکری بارزانی-دا کە کۆتایی بەناوچەگەری دەهێنێت و هەموو کوردستان وەك یەك پارچەو یەك جوگرافیا مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا تایبەتمەندیی قۆناخەکە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جوگرافیای کوردستان فەرامۆش ناکات. ئەمەش بەو مانایەی دەکرێت شێوازی بیرکردنەوەی بارزانی مستەفا بۆ خەباتی سەرتاسەری لە هەر چوار پارچەی کوردستان دووبارە بکرێتەوە و هەموو لەسەر یەك بنەمای بیری نەتەوەیی

هەنگاو بۆ شۆڕش و خەبات و سەربەخۆیی کوردستان هەڵبگرن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی قۆناخەکە و تایبەتمەندیی هەر پارچەیەکی کوردستان.

ئێمە لە ئێستادا کاتێك پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ناو مێژووی نەتەوە، مەبەستمان ئەوە نییە بگەڕێینەوە ناو قۆناخێکی مێژووەکە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، وەك زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو، بۆ ئەوەی ئەو مێژووە بەردەوامیی هەبێت، ئێمەش وەك سەرکردەکانی پێش خۆمان شەرەفی نووسینەوەی مێژوومان پێبرێت، بەڵام تەواوکردنی هەمان مێژوو، نەك ڕەتکردنەوەی مێژوو و هەوڵدان بۆ سەپاندنی مێژوویەکی خواستراو بەسەر نەتەوەدا.

بیری نەتەوەیی لە فیکری بارزانی-دا لەسەر بنەمای بوونی کوردو کوردستان بۆ تێگەیشتن لەو سەردەمەی کورد تیایدا دەژی و کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت خۆی پێناسە دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی بارزانی هەوڵیداوە، هەوڵدان بۆ بینینی پڕشنگی هەستکردنی نەتەوە بە بوونی خۆی ئەو شەوە تاریکە ڕۆشن بکاتەوە کە خەریکە نەتەوە تیایدا ون دەبێت، ئەم ڕێگەیە ئەگەرچی لە قۆناخە جیاوازەکاندا ڕێچکەی جیاواز دەگرێت، بەڵام لە ئامانج و گەیشتن بە دوایین ئامانج هەمان ئەو ڕێگەیەیە کە بەرەو سەرفرازیی یەکجارەکیمان دەبات و ئەو ڕاستییە دەکاتە هەقیقەت کە بوونی نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا بەرجەستە دەبێت و شکۆی نەتەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا دەردەکەوێت.

کەواتە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیار و ڕەتکردنەوە لە فیکری بارزانی-دا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەو شەوەزەنگە تێبگەین کە ئێستا سیاسەتی حزبەکان لە کوردستاندا دروستیان کردووە. دۆخەکە ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت، هۆکاری سەرەکیی ئەو شەوەزەنگەی ئێستا حزبەکان دروستیان کردووە، هەلومەرجی بابەتی و خودی قۆناخی ئێستای کوردستان نییە، بەڵکو شێوازی سیاسەتکردنی حزبەکانە کە بیری نەتەوەییان لە مێژووی نەتەوە دابڕیوەو مێژوویەکی خواستراویان بۆ دروستکردووە، یان بەشێکیان بە تەواوەتی خۆیان لە مێژوو دوورخستۆتەوە، ئەمەش گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی مردووی دروستکردووە کە لەناو ئەو گوتارەدا پرسیارو ڕەتکردنەوەی ناو بیری نەتەوەیی بوونی نییە، ئەم حاڵەتەش ژینگەیەکی لەباری بۆ ڤایرۆسی پەرتەوازەیی و لێکدوورکەوتنەوە دروستکردووە کە هەتا ئەو بازنەیە نەشکێندرێت، یان تێنەپەڕێندرێت، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی دروست نابێتەوە، لەمەش زیاتر لەناو ئەم بازنە ناتەندروستەی کە خۆی لە مێژوو دابڕاندووە، چەند کۆبوونەوەو وتووێژ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قۆناخی ئێستامان، بێجگە لە خوولانەوە لەناو بازنەیەکی بۆشدا هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت و لەمەش خراپتر هەموو حزبەکان نە دەزانن لەسەر چی ناکۆکن و نە دەشزانن لەسەر چی ڕێکدەکەون، سەرەنجامی ئەمەش لەبری ئەوەی ئومێدو متمانەبەخۆبوون لەناو هاووڵاتیان و ڕای گشتی دروست بکەن، جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێ بڵاودەکەنەوە، هەروەك چۆن لە واقیعی ئێستاماندا بەئاسانی هەستی پێدەکەین.

**● ڕایەڵەی پێکەوە گرێدانەوەی هەموو توخمەکان بۆ بونیادنانی نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادە**

مێژووی نەتەوە ئازادەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە هیچ نەتەوەیەك پێش دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بیری لە دامەزراندنی حزبی سیاسی نەکردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئامانجی هەموو نەتەوەیەك پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی گەیشتن بە ئازادییە، بۆیە کاتێك ئەم ئازادییە لەچوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دێتەدی، ئەوا حزبی سیاسی دەبێتە پێویستییەك بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو ئازادییە بکرێت، لەم ڕوانگەیەوە لە فیکری مستەفا بارزانی-دا حزبی سیاسی بەمانای نوێنەرایەتیکردنی بەشێك، یان چینێك، یان توێژێکی نەتەوە بوونی نییە، بەڵکو چەمکی حزبی سیاسی بریتییە لە کۆکردنەوەی پەرتەوازەیی و ڕێکخستنی هەموو تواناکانی نەتەوە بۆ گەیشتن بە سەرفرازی و سەربەخۆیی، بەڵام سەرباری ئەمەش بەهیچ جۆرێك لە فیکری بارزانی-دا جیاوازی لە بۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز ڕەتنەکراوەتەوە، ئەگەر بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەکان

**ئەم بازنە ناتەندروستەی کە خۆی لە مێژوو دابڕاندووە، چەند کۆبوونەوەو وتوویژ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قۆناخی ئێستامان، بێجگە لە خوولانەوە لەناو بازنەیەکی بۆشدا هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت و لەمەش خراپتر هەموو حزبەکان نە دەزانن لەسەر چی ناکۆکن و نە دەشزانن لەسەر چی ڕێکدەکەون، سەرەنجامی ئەمەش لەبری ئەوەی ئومێدو متمانەبەخۆبوون لەناو هاووڵاتیان و ڕای گشتی دروست بکەن، جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ بڵاودەکەنەوە**

**هۆکاری سەرەکیی ئەو شەوەزەنگەی ئێستا حزبەکان دروستیان کردووە، هەلومەرجی بابەتی و خودی قۆناخی ئێستای کوردستان نییە، بەڵکو شێوازی سیاسەتکردنی حزبەکانە کە بیری نەتەوەییان لە مێژووی نەتەوە دابڕیوەو مێژوویەکی خواستراویان بۆ دروستکردووە، یان بەشێکیان بە تەواوەتی خۆیان لە مێژوو دوورخستۆتەوە، ئەمەش گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی مردووی دروستکردووە کە لەناو ئەو گوتارەدا پرسیارو ڕەتکردنەوەی ناو بیری نەتەوەیی بوونی نییە**

لەبازنەی فراوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هەموو لایەکی پێکەوە کۆکردبێتەوە. کەواتە لەفیکری مستەفا بارزانی-دا رێزگرتن لە بازنەی فراوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و پابەندبوون بە بنەما سەرەکییەکانی ئەو بزاڤەوە، هەموو رەنگ و بیروبۆچوونە سیاسییەکان تیایدا دەبێتە یەك ئیرادە، کە ئەویش ئیرادەی گەلی کوردستان پیشاندەدات.

بڕوابوونی بارزانی مستەفا بەم بازنە فراوانە بۆ کۆکردنەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، کێشەی سەرەکی و لاوەکی لەناو حزبەکاندا پۆلێنکردبوو، ئەمەش واتە هەموو لایەك لەسەر کێشە سەرەکییەکان هاودەنگ بوون و کێشە لاوەکییەکانیش وەك جیاوازیی تێڕوانینی پارتی و حزبی شیوعی عێراق، یان کاژیك لەسەر پرسێك نەدەبووە هۆکاری ئەوەی ئەو یەك ئیرادەیی و یەکهەڵوێستییە درزی تێبکەوێت، ئەمەش وایکردبوو بارزانی مستەفا بەیەك مەسافە لەنێوان هەموو حزبەکاندا رابوەستێت و کێشە لاوەکییە حزبییەکان فەرامۆش بکات، هەر بۆیە زۆر جاران لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی لەوانەیە کێشەی لاوەکی لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز بوونی هەبووبێت، بەڵام لەنێوان سەرکردایەتی حزبی شیوعی و بارزانی-دا هیچ کێشەیەك نەبووە، بەهەمان شێوە لەنێوان کاژیك و پارتی دیموکراتی کوردستاندا زۆر جار لەوانەیە کێشە هەبووبێت، بەڵام لە نێوان کاژیك و بارزانی-دا نەك هەر کێشە نەبووە، بەڵکو ئەندامانی کاژیك هەر بارزانی مستەفا-یان بە رێبەری نەتەوەیی کورد زانیوە.

لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا کە بەداخەوە لەساڵی ١٩٦٤ لێکترازان دروستبوو و باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە، لەگەڵ ئەوەی ماوەی نزیکەی شەش ساڵ لە بارزانی دوورکەوتنەوە، بەڵام هەتا ئێستاش هیچ کام لەبرادەرانی باڵی مەکتەبی سیاسی نە لەسەر جیابوونەوەکەیان ئاماژەیان بە جیاوازی، یان کێشەیەك لەگەڵ مستەفا بارزانی کردووە، نە ئاماژەشیان بەوە کردووە دوای ساڵی ١٩٧٠ لەسەر چی لەگەڵ مستەفا بارزانی رێککەوتنەوە.

نووسینی ئەم دێرانە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی لێکترازان و جیابوونەوەی نێوماڵی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ تێگەیشتنە لەو راستییەی کە لە فیکری مستەفا بارزانی بوونی هەبووە، کە ئەویش ئەوە بووە نابێت لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیدا لەسەر جیاوازی ئایدیۆلۆژیەت و تێڕوانینی جیاوازی سیاسی کێشەی گەورە دروست بێت و حزبە سیاسییەکان لەیەکتری جیابکاتەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، خوێندنەوەی ئەم فیکرەیە بۆ بوونی نەتەوە، وەك نەتەوەیەکی ئازاد، لەمەش زیاتر پێناسەکردنەوەی نەتەوەی ئازاد بەو مانایەی کە نەتەوەی ئازاد لەژێر سێبەری یاساو لە ناو گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیاندا، پێناسەی ئازادیی خۆی دەکاتەوە. بۆیە لەم ئاراستەیەدا ئەگەر لە فیکری بارزانی-دا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە جارێکی دیکە بخوێنینەوە، ئەوا هەست بەو راستییە دەکەین، کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە فیکری بارزانی-دا، تەنیا دیاریکردنی ئەو توخمە سەرەکییانە نین کە هەر نەتەوەیەکی پێ پێناسە دەکرێت و لە سیاسەتدا پێی دەڵێن: «توخمە سەرەکییەکانی نەتەوە» وەك: (زمان، خاك، فەرهەنگ، مێژوو، داب و نەریت)، بەڵکو لە فیکری بارزانی-دا ئەوە گرنگ بووە کە رایەڵەیەکی بەهێز بۆ پێکەوە گرێدانەوە هەبێت و هەموو ئەم توخمانە پێکەوە کارلێك بکەن بۆ ئەوەی ئیرادەی نەتەوەیەکی ئازاد لەسەر خاکی کوردستان بەرجەستە بکاتەوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژانی سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، دیاردەیەکی زۆر دەگمەن لەناو مێژووی هەموو شۆڕشەکانی جیهان هەست پێدەکەین، ئەویش ئەوەیە شۆڕشی ئەیلوول تاکە شۆڕشی رزگاریخوازە لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا کە لەژێر چەتری سەروەریی یاسا شۆڕشی کردووە، ئەم حاڵەتە دەگمەنەی شۆڕشی ئەیلوول لە هیچ شۆڕشێکی دیکەی جیهاندا بە هەردوو شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکاشەوە بوونی نییە. دیارە پرسیاری گرنگتر لەمەش ئەوەیە، ئایا مەبەست لە شۆڕشکردن لەژێر سێبەری سەروەریی یاسادا بەچ مانایەك؟ ئایا یاسا تەنیا بۆ رێکخستنی پێوەندیی رۆژانەی نێوان پێشمەرگەو هاووڵاتی بووە، یان بۆ رێکخستنی

**دەکرێت شێوازی بیرکردنەوەی بارزانی مستەفا بۆ خەباتی سەرتاسەری لە هەر چوار پارچەی کوردستان دووبارە بکرێتەوە و هەموو لەسەر یەک بنەمای بیری نەتەوەیی هەنگاو بۆ شۆڕش و خەبات و سەربەخۆیی کوردستان هەڵبگرن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی قۆناخەکە و تایبەتمەندی هەر پارچەیەکی کوردستان**

**دەبێت بگەڕێینەوە ناو مێژووی خۆمان بۆ ئەوەی رابردوو بە ئێستا و داهاتووەوە گرێبدەینەوە، لێرەدا گرنگە لەسەر شێوازی گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو هەڵوەستەیەکی جددی بکەین و بزانین کاتێک دەگەڕێینەوە ناو مێژوو، چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژوو دەکەین، ئەمەش بەو مانایەی ئامانج لە گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو ئەوە نییە بەجۆرێکی جیاواز مێژوو بخوێنینەوە، بەڵکو ئامانج ئەوەیە چۆن ئێستا و داهاتوو دەکەینە ئەڵقەیەکی پێکەوەگرێدراوی مێژووی رابردوو، بە دیوێکی دیکە زنجیرەی مێژووی نەتەوە لێکناترازێنین و لە قۆناخێکی دیاریکراودا خۆمان بەندی مێژوو بکەین**

**ئەگەر ئێمەی کوردو کوردستانی بمانەوێت لەسەر ئەم میتۆدە قۆناخی رۆشنکردنەوەی نەتەوەکانی جیهان لە ئێستای خۆمان تێبگەین و هەوڵبدەین هەنگاو بۆ ئایندەیەکی رۆشن هەڵبگرین، ئەوا هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی کوێرانەی گەل و نەتەوەی دیکەو خۆگرێدانەوە بە ئایدیۆلۆژیەتە چەقبەستووەکان، ناتوانن هاوکار و یارمەتیدەرمان بن**

**جیاوازیی فیکری بارزانی لەگەڵ هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی دیکە ئەوەیە، هیچ ئایدیۆلۆژیەتێک ناتوانێت لەسەردەمە جیاوازەکاندا خوێندنەوەی دروستی بۆ هەموو قۆناخەکان هەبێت، بەڵام فیکری بارزانی وەک میتۆدێک بۆ پێناسەکردنەوەی فیکری نەتەوەیی لە هەموو سەردەمێکدا پێناسەو خوێندنەوەی جیاواز بۆ سەردەمە جیاوازەکان بەرهەمدەهێنێت**

**بیری نەتەوەیی لە فیکری بارزانی-دا، دەقێکی تۆز لێنیشتووی کتێبە مێژووییەکانی ناو کتێبخانەی نەتەوە نییە، بەڵکو میتۆدێکی گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو و دەقێکی تازەی مێژووی نەتەوە بەدەستی خۆی دەنووسێتەوە**

سەرتاسەری لە ژیانی رۆژانەی خەڵك و پاراستنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و مافی ئافرەتان و پاراستنی ژینگەو پاراستنی سەرجەم گیاندارو پەلەوەرە بەسوودەکانی کوردستان بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خەڵکی کوردستان دەیداتەوە کە خۆیان لەناو ئەو واقیعەدا ژیاون و هەموو پێکەوە پێمان دەڵێن، لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا، سەروەریی یاسا فەزایەکی تەندروستی ئەوتۆی دروستکردبوو، کە نەك هەر تەنیا هاووڵاتیانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەستیان بەئارامی و متمانەبەخۆبوون دەکرد، تەنانەت گیانلەبەر و پەلەوەر و دارستانەکانیش هەستیان بە ئارامی دەکردو هیچ کەسێك نەیدەتوانی دارێك ببڕێتەوە، یان راو بکات و گیانلەبەرە بەسوودەکانی کوردستان بکوژێت، یان ئەگەر لەکات و وادەی خۆیدا نەبووبێت، رێگە نەدراوە راوی ماسیش بکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر مانای ئازادی لە فیکری بارزانی بکەین، دەبینین هەوڵیداوە کوردستانییەکان وەك نەتەوەیەکی ئازاد پیشانی جیهان بدات، ئەوا کوردستانییەکان بەجیاوازی نەتەوەو ئایینەوە، ئەو گەلە بوون کە لەژێر چەتری سەروەریی یاسا خەباتیان بۆ ئازادی کردووەو ئازادیش بەمانای رێزگرتن بووە لەهەموو ئەو مافانەی کە کوردستانێکی ئازاد دەیکاتە فەرمان بەسەر هاووڵاتیانیەوە. لەمەش زیاتر هەوڵیداوە نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لە ناو چوارچێوەی نەتەوەی ئازاد هەر یەکەیان سەربەخۆ پێناسەی خۆی بکاتەوەو نەتەوەی ئازاد ئەوەی مانای پێدابوو (هەر نەتەوە و ئایینێك هەوڵبدات نەتەوە، یان ئایینێکی دیکە بچەوسێنێتەوە، ئەوا خۆیشی وەك نەتەوە و ئایین ئازاد نییە)، ئەم بنەمایە جۆرێك لە لێبووردەیی و پێکەوە ژیانی ئەوتۆی لەنێو نەتەوەکانی کوردستاندا دروستکردووە، کە لەئێستادا بۆتە گەورەترین سەرمایەیی مەعنەوی بۆ کوردستان و لەناو هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا شانازی پێوە دەکەین.

**● بۆ ئەم قۆناخە کام پرسیار لەخۆمان بکەین و پێویستە چی رەتبکەینەوە؟**

ئەگەر یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی رێبەرانی نەتەوە پەیامێك بێت بۆ نەوەکانی ئێستا، ئەوا ئەو پەیامە ئەوەیە کە ئیرادەی رێبەرانی نەتەوە بە زیندوویی بهێڵینەوە و هەوڵبدەین لە رۆژە سەخت و دژاوارەکاندا هەمان ئیرادە دووبارە زیندوو بکەینەوە، بۆ ئەوەی کێشە و قەیرانەکانی ئێستامانی پێ چارەسەر بکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك یادی رێبەرانی نەتەوە دەکەینەوە، ئەوە ئەوان نین کە پێویستیان بەوە بێت، ئێمە یادیان بکەینەوە، بەڵکو ئەوە ئێمەین پێویستمان بەوەیە لە ئیرادەی ئەوانەوە فێری ئەوە بین کە لەناو ئاسمانی تەمومژاوی و شەوەزەنگی قەیرانەکاندا پەنجەرەیەکی رووناکی بە رووی نەتەوەدا بکەینەوە.

نازناوی رێبەرانی نەتەوە بە سەرکردەی ئاسایی نابەخشرێت، بەڵکو بەو سەرکردانە دەبەخشرێت کە لە دووڕیانی مان و نەمانی نەتەوەدا دەبنە فریادڕەس و بڕیاری قورس و چارەنووسساز دەدەن و ئایندەی نەتەوە لە کارەساتەوە دەگۆڕن بۆ رزگاری و سەفرازیی، هەر ئەمەش ئەو سەرکردەیە دەکاتە کاریزمایەك کە نەتەوە نەك هەروەك سەرۆك، بەڵکو وەك رۆحی نەتەوە پێناسەی دەکاتەوە.

لەناو مێژووی کوردو کوردستاندا، مستەفا بارزانی یەکێکە لە رێبەرانی نەتەوە، بەڵام جیاوازیی ئەو لەگەڵ رێبەرانی دیکەی نەتەوەییمان ئەوەیە، مستەفا بارزانی جڵەوی رێبەرایەتی لە رێبەرانی پێش خۆی (شێخ مەحمودی حەفید و پێشەوا قازی محەمەد) وەرگرتووە و شێوازی خەباتی لە ناوچەگەرییەوە گۆڕیوە بۆ خەباتی سەرتاسەری کوردستانی و هەموو رێبەرانی نەتەوەی پێکەوە کۆکردۆتەوە. لەگەڵ قۆناخی خەباتی بارزانی مستەفا کە وێستگەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی خەباتی نەتەوەییمان، بیرکردنەوەیەکی تازە دەست پێدەکات، بۆیە کاتێك کە دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی بارزانی مستەفا بە دیداری هەموو رێبەرانی نەتەوە شاد دەبین و کاتێك یادی لەدایکبوونی دەکەینەوە، یادی لەدایکبوونی هەموو رێبەرانی نەتەوە دەکەینەوە.

بۆ ئێستامان گرنگە کاتێك یادی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی دەکەینەوە، ئەم یادە وەك گەڕانەوە بۆ ناو مێژووی هەموو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان سەیربکەین و لەناو ئەم مێژووەوە بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستامان بکەینەوە و هەوڵبدەین فیکری بارزانی چۆن مامەڵەی



لەگەڵ قۆناخ و کێشەکانی سەردەمی خۆی کردووە، ئێمەش بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناخەو کێشەکانی ئێستامان بکەین، بۆیە ئەم گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو، لەسەرمان فەرزی دەکات بۆ ئێستا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئایا چی مومکینە کە ئێستا نەتەوە دەتوانێت بیکات و پێویستە چی لە چارەنووسی نەتەوە دوور بخەینەوە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە جەختکردنەوەی لەسەر هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی پێویستە، کە بەئاشکرا بە هەموو جیهانی راگەیاندووە لە ئێستادا مومکینەو کورد دەتوانێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رابگەیەنێت، هەروەها گوێگرتنە لەو پەیامەی سەرۆك مسعود بارزانی کە بە هەموو کوردستانییانی راگەیاندووە، دەبێت و پێویستە لە پەرتەوازەیی و سیاسەتی کورتبینانەی حزبی و ئایدیۆلۆژی دوور بکەینەوەو پێکەوە ئیرادەیەکی یەکگرتوو دروست بکەین و پێکەوە بڕیاری چارەنووسساز بەرەو سەربەخۆیی بدەین.

ئەم هەوڵانەی سەرۆك مسعود بارزانی، تەنیا بە قسە پشتگیری لێ ناکرێت و پێویستی بە هەنگاوی کردەیی هەموولایەك هەیە، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر هەنگاوی یەکەم بۆ گەڕانەوە بۆ ناو مێژووی نەتەوە رێکبکەون و لەناو ئەو مێژووەوە ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەن: ئایا چۆن دەتوانین ترس و دڵەڕاوکێ بگۆڕین بۆ ئومێدو متمانەبەخۆبوون؟ ئایا دەبێت چی بکرێت و پێویستە چی رەتبکرێتەوە؟ ئاشکرایە ئەگەر ئەم پرسیارانە لەناو مێژووی نەتەوە ئاراستە بکرێت، ئەوا ئیرادە و فیکری بارزانی مستەفا پێمان دەڵێت، ئەوەی مومکینە بکرێت و نەتەوە داواتان لێدەکات، ئەوەیە بازنەی تەسکی حزبایەتی بەجێ بهێڵن و لەناو بازنەی فراوانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا هەمووتان ببنە یەك ئیرادە بۆ ئەوەی نەتەوەکەتان وەك نەتەوەیەکی ئازاد پێناسە بکەنەوەو ئومێد و متمانەبەخۆبوونی بۆ بگێڕنەوە، کە گەیشتنە ئەم ئامانجە و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست بوو، ئەوکاتە کێشەی سەرەکی چارەسەر دەبێت و دەتوانن خۆتان بە کێشەی لاوەکیی حزبایەتییەوە سەرقاڵ بکەن.

**بیری نەتەوەیی لە فیکری -بارزانی مستەفا-دا لە رۆشنکردنەوەی رێگای نەتەوە لە چوارچێوەی مومکیندا دەست پێدەکات و لە رەتکردنەوەی ناوچەگەری و پەتەوازەیی نەتەوەدا کۆڵەگە سەرەکییەکانی خۆی لە ناو رەگ و ریشەی مێژوودا دەچەسپێنێت**



# گرنگیی ئایین لای بارزانیی نەمر



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

مەلا مستەفا بارزانی لە ١٩٠٣/٣/١٤ لە گوندی بارزان لەدایکبووە، لە تەمەنی سێ ساڵیدا خراوەتە بەندیخانەوە، شەش ساڵی سەرەتایی لە بارزان تەواوکردووەو دواتر فیقھ و شەریعەی بۆ چوار ساڵ لە هەمان گوند خوێندووە، کاتێکیش بۆ سلێمانی دوورخرایەوە هەر لەو بوارە بەردەوام بوو، زیاتریش تەرکیزی لەسەر خوێندنی فیقهی ئیسلامی کردووە تا مۆڵەتی زانستی لە تەفسیرو فەرموودە بەدەست هێناوە، بارزانی لە شاری سلێمانی لەسەر دەستی زانایانی ئایینی وەك مەلا عەبدوڵا چروستانی و زانای دیکە زانستیی ئیسلامی خوێندووە، زانستی شەرحی تەفتازانی لە رەوانبێژیی لەسەر دەستی باوکی دکتۆر عیزەدین مستەفاو شێخ محەمەدی خاڵ خوێندووە، هۆکاری بایەخدانیشی بەو زانستانە ئەوەیە کە ژینگەی بارزان بەم رەوشتە پەروەردەی کردووە، ئەو لە بنەماڵەیەکی دێرینە کە چەندین زانای گەورەی تێداهەڵکەوتووە، لە سەروویانەوە شێخ عەبدوڵا بارزانی کە قوتابی زانای گەورە یەحیا مزوری بوو، دیارە هەلومەرجی سەخت و پشێوو ناجێگیر رێڕەوی بارزانی لە بایەخدان بە زانستە شەرعییەکانەوە بۆ لایەنی سیاسی گۆڕیوە، ئەمەش بۆ خزمەتی نەتەوەو نیشتمانەکەی بووە، ئەگەر ئەو هەلومەرجەی بۆ بڕەخسایە و ئەو پشێوییانە لە عێراق روویان نەدابا رەنگە زانایەکی ناودار لە زانستە شەرعییەکان هەڵبکەوتایە، بەڵام لەبەر ئەو بارودۆخ و رووداوە ناجێگیرو گۆڕراوانەی عێراق سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕو پێشەوایەکی نیشتمانپەروەر هاتەئاراوە کە لە ژیانیدا نەحەساوەتەوەو هەرگیزیش لە خەباتکردندا نائومێد نەبووە لەپێناو یەکخستنی کوردو رزگارکردنی کوردستان لە دەست ستەمکار و داگیرکەران، رەنگە خوێنەر بپرسێت بۆچی بارزانی بە ( مەلا مستەفا ) ناسراوە؟ ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە بارزانی زانایەکی ئایینی بووەو پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نەبووە؟ بێ گومان هەندێ لەوانەی گرنگیی بە زانستە ئایینییە شەرعییەکان دەدەن مەلا مستەفا بارزانییان بە زانایەکی پایەبەرزی ئایینی وێناکردووە تەنیا لەبەر ئەوەی کە نازناوەکەی مەلا بووە، هەندێ سەرچاوەی بەڵگەدار ئاماژە بەوە دەکەن کە بارزانی بۆیە بە (مەلا مستەفا ) ناونراوە نەك لەبەر شتێکی دیکە،



دەڵێن لەبەر ئەوە بووە هەروەك یەكێك لە لەوانەی لەگەڵیدا ژیاوە لێی دەپرسێت: لە ساڵی **١٩٦٦** بە بارزانیم گوت: بۆچی بە باوكت و براكانت دەڵێن شێخ وەك شێخ محەمەدو شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدو شێخ بابۆ،بەڵام بە تۆ ناڵێن شێخ؟ لە وەڵامدا گوتی: پێش ئەوەی لەدایك بم، مەلایەكی دڵسۆزو تەقوادار لە گوندەكەمان هەبوو، خەڵكی گوند هەموویان خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت، كە من لە دایكبووم منیان بە ناوی ئەو( مەلا مستەفا)یە ناونا، ئەمەش بەڵگەیەكی مێژوویییە لە یەكێكەوە كە لە ڕووداوەكاندا لەگەڵیدا ژیاوە و ڕاستیی ئەو نازناوە دەسەلمێنێت و چۆن هاتووەو و كەی خەڵك پێیان گوتووە بارزانی، بۆیە بارزانی زانایەكی ئایینی نەبووە هەروەك هەندێك وای بۆ دەچن، بەڵكو ئاگادارییەكی كەمی لە زانستە ئیسلامییەكاندا هەبووە، ئەو خاوەنی شارەزایی و ئەزموونێكی زۆری سیاسەت و شەڕو خەبات بووە، بارزانی بایەخی بە لایەنە ئاینییەكان و زانایەنی ئایینی داوە، چونكە قەناعەتی تەواوی بەم توێژە زۆر گرنگە هەبووە، پەراوێزخستنیشی واتا لاوازكردنی شۆڕش، بێ گومان زانایانی ئایینی لەو سەردەمەدا هێزێكی كەم نەبوونە لە شۆڕشەكانی كورددا، دوای ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و لەسەر داوای بارزانی ژمارەیەكی زۆری زانایانی ئایینی لە ١٢ فەوجی پاسەوانی سنوور دامەزرێنران، لە هەمان ساڵیشدا بارزانی یەكێتیی زانایانی ئایینی لە كوردستان دامەزراند، بۆیە داوای لە محەمەدی مەلا قادرو فارس باوەو عەلی هەژار كرد هەماهەنگی بكەن و یارمەتیی زانایانی ئایینی بدەن وەك( مەلا عەلی موفتی و مەلا تەڵحە سەعد و مەلا قادر سكتانی و مەلا سەعید وەیسی و مەلا محەمەد خان و مەلا حەمدی سەلەفی، لە ١٩٧٠/١٠/٢١ كۆنگرەیەك بۆ ڕاگەیاندنی یەكێتیی زانایان بەسترا، ئەوە بوو بارزانی خۆی و ٤٠٠ كەسایەتیی ئایینی لە مزگەوتی گەڵاڵە ئامادە بوون، ئەو یەكێتییەش تا ئێستا هەرماوە، بەڵام ڕۆڵی پێشەنگیكردنی كەمتر بۆتەوە و پووكاوەتەوە، هەر چەندە سەركردایەتیی كورد لە ڕووی مەعنەوی و مادییەوە پشتگیریشی دەكات، لە شۆڕشی ئەیلولدا بارزانی چەند دادوەرێكی لەنێو

**بارزانی لە شاری سلێمانی لەسەر دەستی زانایانی ئایینی وەک مەلا عەبدوڵا چروستانی و زانای دیکە زانستیی ئیسلامی خوێندووە، زانستی شەرحی تەفتازانی لە ڕەوانبێژیی لەسەر دەستی باوکی دکتۆر عیزەدین مستەفاو شێخ محەمەدی خاڵ خوێندووە، هۆکاری بایەخدانیشی بەو زانستانە ئەوەیە کە ژینگەی بارزان بەم ڕەوشتە پەروەردەی کردووە**

**دوای ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و لەسەر داوای بارزانی ژمارەیەکی زۆری زانایانی ئایینی لە ١٢ فەوجی پاسەوانی سنوور دامەزرێنران، لە هەمان ساڵیشدا بارزانی یەکێتیی زانایانی ئایینی لە کوردستان دامەزراند، بۆیە داوای لە محەمەدی مەلا قادرو فارس باوەو عەلی هەژار کرد هەماهەنگی بکەن و یارمەتیی زانایانی ئایینی بدەن وەک (مەلا عەلی موفتی و مەلا تەڵحە سەعد و مەلا قادر سکتانی و مەلا سەعید وەیسی و مەلا محەمەد خان و مەلا حەمدی سەلەفی)**

پێشمەرگە دامەزراند، وەك( مەلا مستەفا هیراتی، مەلا قادر سکتانی، وەلا وەیسی ڕۆستی و زۆری دیکەش) ماوەیەکیش مەلا محەمەد بالیسانی دادوەری شۆڕش و ئەندامی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بوو، سەرۆك بارزانی دەڵێت: ((کاتێ بارزانی لە چیاکان بووە بەردەوام قورئانی پیرۆزو دیوانی ئەحمەدی جزیری پێ بووە و هەرگیز ئەو دوو شتەی لەخۆی دوورنەخستۆتەوە))،دیارە کۆکردنەوەی قورئان و دیوانی جزیری بەیەکەوە بەڵگەی زۆر بەهێزن، چونکە هەستی ئایینی کە لە قورئانەوە وەرگیراوە لەگەڵ هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی کە لە دیوانی جزیریدا هەبوو بەیەکەوە کۆکردبۆوە،بەمەش هاوکێشەکە تەواودەبێت، ئەمەش هاوکێشەیەکی واقعییە، کەم سەرکردە لە ژیانی سیاسیدا ئاگایان لەم لایەنە بووە، هەروەها کەم سەرکردە لە مێژووی کورددا هەبووە کە بتوانێت لە ڕێڕەوەی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا سازان لەنێو ئایین و دنیادا بکات، هەروەها کەم سەرکردەی کورد هەبووە لایەنی ئایینیی بەسەر لایەنی دنیاییدا زاڵ بووبێت کە لە لیستی زانایانی ئایینییدا پۆلێن بکرێت، لەبەرامبەریدا دەبینین هەندێك لایەنی دنیاییان بەسەر لایەنی ئایینییدا زاڵ بووە ئەمەش سیفەتی ئایینی لێداماڵیوە، کەچی بارزانیی نەمر توانی باڵانس لەنێو هەردووکیاندا ڕابگرێت، لێرەوە کاریزمای ڕاستەقینە هاتە ئاراوە کە وای لە نەتەوەی کورد کرد بە زیندوویی و مردوویی هەر خۆشی بوێت و ڕێزی لێ بگرێت و بەردەوام لە یادی میللەتی کورددا بمێنێتەوە.

کاتێ عەبدولرحمان عارف سەرۆك کۆماری عێراق سەردانی شارۆچکەی دیانای کرد و چاوی بە بارزانی کەوت، دوای نانخواردن دیارییان گۆڕییەوە، دیارییەکانیان بریتی بوو لە قورئانی پیرۆز، کاتێکیش عارف لە بارزانی پرسی داواکاریی کورد چییە و چیتان لێمان دەوێت؟ بارزانی قورئانی پیرۆزی بەرزکردەوەو گوتی: ئێمە دەمانەوێت ئەو قورئانە جێبەجێ بکەن و بیکەنە ڕێبازی ژیانتان و هیچ داوایەکی دیکەمان نییە، بارزانی وتەکانی و پابەندبوونی بە ئایینەوە دەخستە واقیعی کردارەوە، سەرۆك بارزانی دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٣ بارزانی گەیشتە گوندی بناڤێ و منیش لەگەڵیدا بووم، کچێکی تەمەن بیست ساڵە هاتە سەر ڕێگامان و بە کوڵ دەگریاو هاواری دەکرد و دەیگوت: بارزانیم پێ پیشان بدەن، بارزانی پێی گوت: چیتە؟ کچەکە گوتی: باوکم بە زۆریی منی داوەتە پیاوێکی تەمەن حەفتا ساڵە بە ژن بە ژنی، بارزانی لەدوای باوکی ناردو ئامۆژگاری کرد کە پەشیمان بێتەوە، چونکە ئەوە سەرپێچیکردنە لە ڕێنماییەکانی ئیسلام و پێچەوانەی یاسایە.

بارزانی و هاوەڵەکانی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە ڕووسیا مانەوە، بەڵام لەسەر بیروباوەڕە ئایینییەکەی مایەوە، لەرووی ئایینییەوە نەکەوتە ژێر کاریگەریی کەشوهەوای نائایینییەوە،ئادمز دەڵێت:((بارزانی لەگەڵ زۆربەی هاوەڵەکانی لە ڕووسیا لەسەر بیروباوەڕی ئایینییان مانەوە، هەر لەسەر ئەمەش بەردەوام بوون تا گەڕانەوە نیشتمانەکەیان))، بارزانی سەرانی سۆڤییەتی تێگەیاند کە نەخۆی و نە پارتی دیموکراتی کوردستان شیوعی نین، بە ئاشکراو بەم دەستەواژە پێی گوتن: ئێمە موسڵمانین، موسڵمانی ڕاست نابێتە شیوعی و ١٢ ساڵ بەسەر غەریبیم تێدەپەڕی و نەبوومەتە شیوعی، کاتێ بارزانی لە ساڵی ١٩٥٦ سەردانی ئەرمەنستانی کرد بۆ چاوپێکەوتن بە کوردان، نادۆی خدۆ محەمەدۆڤ پێی گوت: ڕێگای ڕزگارکردنی گەلی کورد بە مارکسیزم و لینینیزم و ئایدیۆلۆژییەتی شیوعییەتدا تێدەپەڕێت، بارزانی بە ئاشکرا لە قسەکەی ئەو توورەبوو،پێی گوت: نادۆ، نادۆ،ئێمەش مارکسیزم و لینینیزم و ئایدیۆلۆژیەتی شیوعییەت دەزانین، هەروەها دەزانین کە ڕێگاو شێوازی باشتر هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، لە ڕاستیدا بارزانی پابەندبوو بە بیروباوەڕەکەی خۆی، هەرچەندە لە موعاناتی غەریبایەتیی نیشتمان و ئایین و زمان و کلتووردا بووە، بەڵام وازی لە بیروباوەڕەکەی نەهێناوە، ئەگەر چاوی لە پۆست و خۆدەرخستن و چێژو ئارەزووەکانی دنیا بوایە وازی لە بیروباوەڕەکەی دەهێنا، چونکە ڕووسیا لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بڕیاری سیاسی نێودەوڵەتیدا ڕۆڵی پێشەنگی هەبوو، سەرەڕای هەڵوێستی توندی بارزانی بەرامبەر شیوعییەت، بەڵام بە پاڵپشتیی ڕووسیا ڕازی بوو، بەوەی ببێتە هاوپەیمانی ئەو لە پشتگیریکردنی بۆ کێشەی کورد، بۆیە بە سەرکردایەتیی سۆڤییەتی گوتووە: (ئەگەر سۆڤییەت پشتگیریی گەلی کوردو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بکات وەك گەلانی

دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا کورد ئامادەیە و بە ئاشکرا وەفادارانە پەیوەندیی لەگەڵدا بکات و خۆی بە هاوپەیمانی ئەو بزانێت).

دەربارەی هەڵوێستی بارزانی لە پێکەوەژیانی ئایینی (Pluralism) ئەو بابەتە ڕاماندەکێشێت بۆ قسەکردن لە گوندی بارزانەوە، ئەو گوندە مزگەوت و کەنیسەو پەرستگای جوولەکەشی لێ بوو، زانای ناوداری موسڵمانی لێ هەڵکەوتووە، لەوانە حافز عێراقی ، هەروەها حاخامی وەك ئەهارون هالیف گەورە حاخامی کوردستان لە سەردەمی عوسمانی، هاوکات ڕەبان و قەشەی وەك قەشە داود بارزانی، ئەوانە هەموویان بەدرێژایی ساڵان هەر بە خۆشی و تەبایی و دۆستایەتی ژیاون، بێ گومان ئەو جۆرە پێکەوەژیانە ئایینییە مایەی شانازی هەموو ڕۆڵەیەکی ئەم کوردستانەیە، هۆکاری ئەو بەردەوامییەش لە پێکەوەژیانی ئاشتییانە بۆ ڕۆڵی شێخەکانی بارزان دەگەڕێتەوە، بەم هەڵوێست و فەلسەفە ئەخلاقییە ناوچەکە هەمیشە بە دڵنیایی و دوور لە دەمارگیریی ئایینی و مەزهەبی مایەوە، هەندێ لە توێژەران هەوڵدەدەن سەرکەوتنی ئەو فرەئایینی و پێکەوەژیانە بخەنە پاڵ دابونەریتی نەتەوەکان و کلتووریان لە چەسپاندنی ئەم فەلسەفەیە و لابردنی کاریگەریی شێخەکانی بارزان لە چەسپاندنی ئەم پرەنسیبانە، نازانن ئەو زانا ئایینییانە بەتایبەتیش شێخەکانی بارزان ئەوەیان لە فەلسەفەی ئیسلام وەرگرتووە کە لەسەر بنەمای ئازادی و بیروباوەڕ دامەزراوە، ئەگەر سەیری دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر(دخ) بکەین دەبینین چەندین دەقی ئایینی بەڵگەن بۆ ئەم قسانە، بارزانی لەسەر ڕێچکەی پێشووی خۆی لە شێخەکانی بارزان ڕۆیشتووە لە ڕووی پرەنسیبی ئازادیی ئایینی و یەکدی قبوڵکردن، چونکە چەسپاندنی ئەو فەلسەفەیە لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا چاکترین ڕێگایە بۆ پاراستنیان لە ئاژاوەو پشێوی، بەتایبەتی ئەگەر مەترسیی دەمارگیریی ئایینی و مەزهەبی و ڕەگەزپەرستیی نەتەوەیی هەڕەشەیان لێ بکات، لە ١٩٤٨/١/١٩ لە کۆنگرەی نوێنەرانی کوردستانی ئێران و عێراق لە باکۆ، بارزانی وتەیەکی پێشکەشکردو تێیدا گوتی: ((پێویستە هەوڵبدەین بۆ چاککردنی ڕەوشی گەلی کورد، تا بەرەو ژیانێکی مەدەنیانە هەنگاوبنێت، پێویستە ئازادی هەبێت لە زمان و زانست و ئایین و بیروباوەڕەکان جگە لە فاشیزم))، لە ساڵی ١٩٧٤ ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی دیدارێکی لەگەڵ بارزانی سازکردو لێی پرسی: ئایا کوردی عێراق موسڵمانن؟ بارزانی گوتی: زۆربەیان موسڵمانن، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان موسڵمانی شیعییە، هەزاران کریستیانیش لەگەڵ ئێمە خەبات دەکەن دژی حکومەتی بەغدا و پشتگیریمان دەکەن، ئێمە جیاوازیی ناکەین لەنێوان سوننەو شیعەو ناموسڵمان، هەموویان بران، لەپێناو یەك ئامانج خەبات دەکەین، ئەویش بەدیهێنانی دادپەروەری و دیموکراسییە بۆ عێراق، کاتێکیش ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (ڕینێه مۆریس) سەردانی کوردستانی کرد لە ساڵی ١٩٦٦ گەیشتە ئەو قەناعەتە، دوای بەسەرکردنەوەی ڕەوشی کریستیانەکان، کە ئەوان لە کوردستان بەدەست هیچ کێشەیەکەوە ناناڵێنن، ئەوان بە جیددییەتەوە بەشدارییان لە شۆڕشەکانی کورددا کردووە بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، ڕۆژنامەنووسی ناوبراو هەواڵی کریستیانەکانی لە بارزانی پرسیوە، ئەویش پێی گوتووە: کریستیان و موسڵمان بەیەکەوە بە ویست و ئارەزووی خۆیان پەیمانیان داوە کە بەشداربن لە خەبات لەپێناو مافی زەوتکراویان، بارزانی زۆر بە توندی دژی تەماعکاریی داگیرکەران بەرامبەر کریستیانەکان وەستاوەتەوە، کاتێ هەندێ ئاغا پەلاماری چەند گوندێکی مەسیحییان دا کە لەژێر دەسەڵاتی بارزانیدا بوون، وەك گوندی دۆڵێ نهێلێ و کلیسای مەزن (مار یاقۆ) و خەڵکەکەیان دەرپەڕاند و پێنج هەزاریش لەو کریستیانانە ساڵی ١٩٦١ بۆ سنووری تورکیا هەڵاتن، بارزانی لەو هەڵسوکەوتە زۆر تووڕەبوو، بۆیە بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر پەلاماردەران و تەمبێیان بکات، دواتر ئاغاکان هانایان بۆ سوپای عێراقی برد، لە ساڵی ١٩٦٣ سوپا هێرشی کردە سەر گوندی بارزان و دەوروبەری، ئەمەش وای لە کریستیانەکان کرد لە گوندەکانیانەوە کۆچ بکەن بۆ هەولێرو موسڵ و بەغدا، بارزانی بەچاوی یەکسانی سەیری هاوولاتیانی دەکرد، چ کورد یان تورکمان یان موسڵمان یان کریستیان یان سوننە یاخود شیعە بوانە، بەڵام زیاتر تەرکیزی دەکردە سەر کریستیانەکان، چونکە هەندێ سەرۆك خێڵ و عەشیرەت هەوڵی ئەوەیان دەدا دووبەرەکی ئایینی لەنێوان موسڵمان و کریستیانەکان بەرپابکەن، خەمی

**بارزانی و هاوەڵەکانی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە ڕووسیا مانەوە، بەڵام لەسەر بیروباوەڕە ئایینییەکەی مایەوە، لەڕووی ئایینییەوە نەکەوتە ژێر کاریگەریی کەشوهەوای نائایینییەوە، ئادمز دەڵێت: ((بارزانی لەگەڵ زۆربەی هاوەڵەکانی لە ڕووسیا لەسەر بیروباوەڕی ئایینییان مانەوە، هەر لەسەر ئەمەش بەردەوام بوون تا گەڕانەوە نیشتمانەکەیان))**

**دەربارەی هەڵوێستی بارزانی لە پێکەوەژیانی ئایینی (Plural-ism) ئەو بابەتە ڕاماندەکێشێت بۆ قسەکردن لە گوندی بارزانەوە، ئەو گوندە مزگەوت و کەنیسەو پەرستگای جوولەکەشی لێ بوو، زانای ناوداری موسڵمانی لێ هەڵکەوتووە، لەوانە حافز عێراقی ، هەروەها حاخامی وەک ئەهارون هالیف گەورە حاخامی کوردستان لە سەردەمی عوسمانی، هاوکات ڕەبان و قەشەی وەک قەشە داود بارزانی، ئەوانە هەموویان بەدرێژایی ساڵان هەر بە خۆشی و تەبایی و دۆستایەتی ژیاون**

**لە ١٩٤٨/١/١٩ لە کۆنگرەی نوێنەرانی کوردستانی ئێران و عێراق لە باکۆ، بارزانی وتەیەکی پێشکەشکردو تێیدا گوتی: (( پێویستە هەوڵبدەین بۆ چاککردنی ڕەوشی گەلی کورد، تا بەرەو ژیانێکی مەدەنیانە هەنگاوبنێت، پێویستە ئازادی هەبێت لە زمان و زانست و ئایین و بیروباوەڕەکان جگە لە فاشیزم))**

**سەرەڕای قەیرانی دارایی کە ڕووبەڕووی شۆڕشی کورد دەبۆوە لە قۆناغە جیاوازەکانیدا، بەڵام بارزانی چەندین کەنیسەی لەسەر حیسابی خۆی نۆژەنکردەوە، وەک کەنیسەی مارئۆراهام لە هاودیان لە ساڵانی حەفتاکان و کەنیسەی مارگۆرگیس لە گوندی بێدیال لە ناوچەی بارزان، هەندێ جاریش لە شوێنەکانی ئایینی مەسیحی چاوی بە کەسایەتییە گرنگەکان دەکەوت**

ئەو، تەنیا ئەوە بووە کریستیانەکان هەست بکەن کە برای موسڵمانانن و خەڵکی یەك نیشتمانن و چارەنووسیان بەستراوەتەوە بە چارەنووسی براکانیان لە ئایینەکانی دیکە بە تایبەتیش موسڵمانان، مایەی سەرسوڕمانیش نییە کە هەندێ لە ڕۆڵەکانی شۆڕش کریستیان بوون وەك (فرەنسۆ هەریری، هورمز مەلەك چەکۆ، ئادم قەیسەر، لاوکۆ) هەروەها ناودارترین ئافرەتی کریستیان کە لە پێناو کوردستان خەباتی کرد ئەویش (مارگرێت جۆرج) بوو کە لە شاری ئاکرێ برینپێچی ژنان بوو ئەو سەرۆکی شانەیەکی ڕێکخستنی نهێنی کوردی بوو بە دەستی (معاویە عەبدولکەریم ئیسماعیل جۆلۆبك) تیرۆرکرا، تەنانەت لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول قەشەی کلدانی ( پۆلس بیدار) لەلایەن بارزانییەوە وەك نوێنەری کریستیانەکان دامەزرا، لە هەنگاوێکی کەم وێنەشدا بارزانی دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ داوای لە حکومەتی بەغدا کرد کە فرەنسۆ هەریری وەك قایمقام دابمەزرێنێت، بەڵام بەغدا ڕەتی کردەوە لەبەر ئەوەی سەرپێچیی یاسای عێراقییە کە نابێت کریستیانێك ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام سووربوونی بارزانی حکومەتی بەغدای بەمە ناچارکرد، زانراویشە کە فرەنسۆ هەریری بەرپرسی لیژنەی ناوچەی باڵەك و یاریدەدەری فەرمانەدەی هێزەی ناوچەی باڵەك بوو،لە قەزای ئامێدیش بارزانی داوای لە حکومەتی بەغدا کرد مولازمی کریستیان یوسف پەترۆس بکرێتە قایمقام، چونکە خەڵکی ناوچەکەیە، بەڵام حکومەتی بەغدا داواکارییەکەی جێبەجێ نەکرد، لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان ماوەیەکی دیاریکراو بۆ بەرنامەکانی سریانی و تورکمانی دەستنیشانکرا، وەك دادپەروەرییەك بۆ پرەنسیبی یەکسانی و دادپەروەری، بریکاری وەزارەتی باکوور پێش ١١ی ئادار تورکمان بوو، دوای ڕێکەوتننامەی ئادار هەر لە شوێنی خۆی مایەوەو بارزانی نەیگۆڕی، لەگەڵ ئەوەی لەو ماوەیەدا کەس ئەو پۆستەی وەرنەدەگرت مەگەر بە دڵی حکومەت بوایە یان ببوایەتە تەگەرەو ئاستەنگ لەبەردەم نەیارانی ئەو حکومەتە وەك بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی لە پۆستەکەی هێشتەوە، ئەمەش لەپێناو پاراستنی برایەتیی نیشتمانی، سەرەڕای قەیرانی دارایی کە ڕووبەڕووی شۆڕشی کورد دەبۆوە لە قۆناغە جیاوازەکانیدا، بەڵام بارزانی چەندین کەنیسەی لەسەر حیسابی خۆی نۆژەنکردەوە، وەك کەنیسەی مارئۆراهام لە هاودیان لە ساڵانی حەفتاکان و کەنیسەی مارگۆرگیس لە گوندی بێدیال لە ناوچەی بارزان، هەندێ جاریش لە شوێنەکانی ئایینی مەسیحی چاوی بە کەسایەتییە گرنگەکان دەکەوت، کاتێ کاپتن(ستۆکس)ی نوێنەری باڵیۆزخانەی بەریتانی لە عێراق لە ٢٥-٣-١٩٤٥ گەیشتە هاودیان، بارزانی لە ماڵی (ڕەیحانە شیخۆ)ی وەرگێڕی بارزانی پێشوازی لێکرد، بارزانی سێ ڕۆژ لە هاودیان مایەوە و ژمارەیەك کریستیان پاسەوانییان دەکرد لەوانە( زەیا مەنسوور، یوئارۆش تۆما، ئادەم باوید،خزیران نیسان،شەمشون سەرکیز) ، ئەم تێڕوانینە یەکسانییەو دادپەروەرانەی هاووڵاتیان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە ئاگری شۆڕشەکانی بارزانی زیاتر جۆشدا بە گیانی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و دەستپاکی، ئەو سەرکردەیەش ئەمەی لەلا دروستکردن، ئەوان ئامادەبوون قوربانی بە هەموو شتێك بدەن لە پێناو ئەو ئامانجانەی بارزانی بۆیان تێدەکۆشا، بارزانی خەمی نەتەوەو نیشتمانەکەی بوو، بە سەربەرزی و بوێرانەو ڕاشکاوانە ژیا، سەرشۆڕی و ملکەچبوونی قبوڵ نەدەکرد، تا ئەو کاتەی گیانی سپارد، عەبدوڵا سامەرائی وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کاتێ لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ شاندێکی حکومەت هاتبوو، قسەی ناشیاوی بەرامبەر بە کورد کرد، بەڵام بارزانی دەستی خستە سەر دەسکی خەنجەرەکەی و گوتی: ئەگەر ڕێزی پارێزبەندیی شاندەکەتم نەگرتبایە ئەوا زمانم دەبڕی، بارزانیی نەمر لە ١٩٧٩/٣/١ لە نەخۆشخانەیەکی ئەمریکا وەفاتی کرد، ئەو لە ژیانیدا هەرگیز خۆشی و ئاسوودەیی و سەقامگیریی نەدی، بەڵکو بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا گەڕا، دواتر ڕۆیشت بۆ وڵاتی غەریبیی و هەندەران، ئەو مرد، بەڵام خەبات و بەرخودانی بە خۆڕایی نەچوو، بە خەباتی ئەو، کوردستان گەیشتە ئەو ئازادی و سەرکەوتنانە، کە لە ڕووی شارستانی و تەکنەلۆژیاو پێشڤەچوون وا خەریکە شان لە شانی وڵاتانی پێشکەوتوو دەدات.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# لەیادی ١١٤ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمردا

ئێمەی نیشتمانیانی کورد لە سوریا هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری کاروانی خەباتی بازانیی نەمر بووین، هەوڵمانداوە سوود لە ڕێبازو ئەزموونی خەباتی ئەو وەربگرین، فیکری بارزانی پەیوەست بووە بە مێژووی کورد، ئەو فیکرە نەتەوەییەی کە بارزانی لێی هەڵێنجاوە هەر لە پێگەی مێژوویی داستانی کاوەی ئاسنگەرەوە درێژدەبێتەوە تا ئەمڕۆ، بە واتای ئەوەی کە کێشەی نەتەوەیی کورد وابەستەی داستانی کاوەو جەژنی نەورۆزە کە بۆتە میکانیزمێك بۆ وروژاندنی ئەم کێشەیە، ئەو فیکرە نەتەوەییەی لای بارزانی لە لایەنی مێژوویی ڕۆحییەوە بە ڕێگایەکی ڕاستدا تێدەپەڕێت، داستانی کاوە کاریگەریی هەبووە بۆسەر لایەنی شۆڕشگێڕیی فیکری نەتەوەیی و لایەنی ئاشتیی میانڕەوەیی ئەم فیکرە، ئەمەش وای کردووە کە دوور بێت لە توندوتیژی و هاوسەنگ بێت، بەپێچەوانەی گەلانی دیکەی ناوچەکە کە چەندین بزووتنەوەی پەرگیرو توندڕۆی لێهەڵکەوتووە، وەك ئەتاتورك و بەعس و گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان، بەڵام لەنێو کورددا هەرگیز بزووتنەوەی توندڕۆ پەیدا نەبووە، بارزانی بە ڕێبازەکەیدا خەسڵەتە شۆڕشگێڕی و دانایی و عەقڵانییەتەکانی و دادپەروەریی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە.

هەموو گەلێکی سەر ئەم زەمینە هێماو قارەمانی خۆی هەیە، بارزانی خاوەن فیکرو ژیانی کردارەکیی خۆیەتی، ئەو لەنزیکەوە لەگەڵ ئەزموونی سۆشیالیستدا ژیاوە ، کاتێ بەرەو یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بە کاروانە مێژووییەکەی بەڕێ کەوت و زیاتر لە دە ساڵ لەوێ مایەوە، ئەوکاتە نیوەی جیهان سۆشیالیست بوو و چارەسەری کێشەی نەتەوەییش بەپێی پرەنسیبەکانی سۆشیالیزم مایەی گفتوگۆو باسکردن بووە، ئەم ئەزموونە فیکری بارزانی بەهێزترکرد کە بە چاوی خۆی بینی چۆن سۆشیالیزم لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە شکستی هێناوە، ئەمەش ئاماژەیەکی کاریگەر بوو لە فیکری بارزانی.

بێگومان فیکری بارزانی زیاتر پەیوەست بووە بە واقیع و ڕاستییەکانی سەرزەوی، نەك بەو تیۆرانەی کە هیگل دەربارەیان دەڵێت: ( تیۆرەکان زەردن، بەڵام درەختی ژیان هەمیشە سەوزە) بارزانی وابەستەی مێژووی گەل و خانەوادەکەی بووە، دوو نەوەی پێش خۆی خەریکی کوردایەتی بوون لەوەتەی سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و لەوانەوە میراتێکی بەرچاوو باڵای نەتەوەیی



**سەلاح بەدرەدین**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

بۆ بەجێماوە، شێخ عەبدولسەلام نامەیەکی بۆ سوڵتانی عوسمانییەکان نارد لەسەروبەندی ئەنجامدانی چاکسازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا و چەندین داواکاریی کوردی تێدا نووسیبوو، بزووتنەوەکانی بارزان دژی ستەم و چەوساندنەوە و بۆ بەدیهێنانی ئازادی و مافەکانی کورد و بەپێی هەلومەرجی ئەو قۆناخە سەریانهەڵداوە، ئەو کاتە پرسی نەتەوەیی ساوا بوو هەر لەگەڵ هاتنی درووشمەکانی شۆڕشی فەرەنسا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بارزانی ئەزموونی تایبەتیی خۆی هەبوو، ئەو سەرکردەیەکی رۆژهەڵاتی و مەبدەئی بوو، بەرژەوەندیی کۆمەڵگای لەبەر چاو دەگرت و لە کاری تەسکی حزبایەتی دووردەکەوتەوەو هەمیشە لەگەڵ رێکخستنی ریزی میللەتەکەیدا بووە، ئیسلامی سیاسی رەتدەکردەوە، هەر چەندە بڕوایەکی تەواوی بە ئایین هەبووەو ئایینی لە سیاسەت جیادەکردەوە، رێزی لە ئایین و ئایینزاکانی کوردستان دەگرت، یەکەم جار کە شەرەفی بینینم پێبڕا ئەو کەسانەی کە پاسەوانییان دەکرد کریستیان و ئێزیدی و بارزانی بوون، دوای واژۆکردنی رێکەوتننامەی ١١ی ئادار بارزانی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی دامەزراند، بەڵام پێی راگەیاندن کە دەبێت لە سیاسەت دووربکەونەوەو بایەخ بە کاری کۆمەڵایەتی و خێرخوازیی بدەن.

بارزانی یەکەم سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، رۆژێک لە رۆژان فیکری مارکسی یان لیبرالی لە رێبازەکەیدا بەرجەستە نەکردووە، بەڵکو هەمیشە مۆرکی نەتەوەیی کوردستانی و لێبووردەیی و کرانەوە لە رێبازەکەیدا رەنگی دەدایەوە، بایەخی زۆری بە کۆمەڵگەی کوردەواری دەدا و وابەستەی گەلەکەی بووە، دوای ساڵی ١٩٧٠ و واژۆکردنی رێکەوتننامەی ئاداری مێژوویی هاتمە لای بۆ پیرۆزبایی لێکردن، ئێوارێ لە میوانداریی ئەودا بووین لە حاجی ئۆمەران و نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ کەس لە مەجلیسەکەی دانیشتبوون، یەکێک لەوانە سکاڵایەکی خستەروو تایبەت بە رەفتارو هەڵسوکەوتی هەندێ لەو شوفێرانەی کە لەسەر رێگای حاجی ئۆمەران- گەڵاڵە مێگەل و گارانەکان هەرەتەدەکەن و و زیانیان پێ دەگەیەنن، بۆیە بارزانی دوای ئەوەی بۆ یەک کاتژمێر لەسەر ئەم بابەتە قسەی کرد، دواتر گوتی: پێویستە رێز لە هەست و ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی خەڵک بگرین، ئاوڕیشی لە شەهید فرەنسۆ هەریری دایەوەو پێی راگەیاند کە بێ دواکەوتن و لە سبەینێوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

ئەو ناکۆکییانەی لە نیوەی شەستەکانی سەدەی رابردوو لە ریزی پارتی هاتنەئاراوە هەروەک دەگوترێ شتی کەسیی نەبوون، بەڵکو فیکریی بوونەو پەیوەست بوونە بە فیکرو بیروباوەڕو رێنمایی و هەڵوێستە سیاسییەکانەوە، هەروەها بە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ میللەت و شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق، بارزانی سەرۆکی حزبێکی زۆر گرنگ بووە کە بووەتە بنەماو بناغەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردو هیچ رۆژێک بیری لە دەسەڵات نەکردۆتەوە و پیادەشی نەکردووە، تەنانەت وەک سەرۆکی حزبیش ئەم دەسەڵاتەی بەکارنەهێناوە.

کلتووری مێژوویی ناوچەی بارزان کاریگەریی زۆری هەبووە بۆسەر فیکری بارزانی لە رووی لێبووردەیی و قبوڵکردنی فرەئایینی، کاتێکیش رۆژهەڵاتناسێکی ئەمریکی لە کەنیسەی ئینجلیکانی ویگرام سەردانی ناوچەی بارزانی کرد لە ساڵی ١٨٠٠-١٨٠١ بینی کە سێ ئاین هەن: مەسیحییەت و ئیسلام و یەهودییەت، ویگرام چاوی بە قەشەیەکی کریستیان کەوت و پرسیاری لە شێخی موسڵمانانی بارزان لێ کرد، بەڵام قەشەکە وەڵامی دایەوە، ئەگەر مەبەستت شێخ عەبدولسەلامە، ئەوا شێخی ئێمە و هەموومانە لە ناوچەکە، کلتووری لێبووردەیی ناوچەی بارزان سەرچاوەی یەکەمی فیکرو شۆڕشی بارزانی بووە، چونکە بارزان ناوچەی شۆڕش و یاخیبوونەکان بووە دژی ئینگلیزو حکومەتە عێراقییە یەک لەدوای یەکەکان، هەروەها لە پەیوەندیی بە حزبی هیواوە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کتێبەکەیدا «البارزاني والحركة التحررية الكردية» باسی ئەوە دەکات کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ شێخ سەعید، بزووتنەوەی خۆیبوون گەیشتۆتە ناوچەی بارزان

**ئەو فیکرە نەتەوەییەی کە بارزانی پەیڕەویی کرد هەر لە مێژووی کۆنەوە لە پێگەی مێژوویی داستانی کاوەی ئاسنگەرەوە درێژدەبێتەوە تا ئەمڕۆ، بە واتای ئەوەی کە کێشەی نەتەوەیی کورد وابەستەی داستانی کاوەو جەژنی نەورۆزە کە بۆتە میکانیزمێک بۆ وروژاندنی ئەم کێشەیە**

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کتێبەکەیدا «البارزاني والحركة التحررية الكردية» باسی ئەوە دەکات کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ شێخ سەعید، بزووتنەوەی خۆیبوون گەیشتۆتە ناوچەی بارزان و لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا بڵاوبۆتەوە، خۆیبوون بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەریی بووە لە سێ پارچەکانی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا**

و لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا بڵاوبۆتەوە، خۆیبوون بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەریی بووە لە سێ پارچەکانی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا.

## ● شکۆییەکانی فیکری بارزانی

١- لە ١٩-١-١٩٤٨دا کۆنفرانسێك لە شاری باکۆ بەستراو تێیدا کوردی ئێران و عێراق و سوریا ئامادەبوون، بارزانی بۆ یەکەم جار بوو باسی پرسە سیاسی و فیکری و فەلسەفییەکانی کرد، دەقی وتارە بەناوبانگەکەی لە کتێبەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ستراتیژییەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی خستبووەڕوو، لەو قۆناخەشدا جیاوازیی کردبوو لەنێوان دوژمنان و دۆستانی کورد ، بەردی بناخەی ستراتیژیی فیکری بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆوە دەستی پێکرد، زۆربەی مێژوونووسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە یەکەم جارە بارزانی باس لە بواری فیکری و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوەو ململانێکانی ناوچەکە دەکات، بە رای من ئەمە هەوڵێك بووە بۆ دۆزینەوەی پێگەیەك بۆ کورد لە ناوچەکەدا، چونکە پێشتر کورد هیچ پێگەو رۆڵێکی نەبووە شایانی باسکردن بێت، هەروەها بارزانی هەوڵی دەدا یەکێتیی سۆڤییەتی جاران تێبگەیەنێت کە( ئەو کاتە) ٢٠ ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، دەتوانن رۆڵی گرنگ لە ناوچەکەدا ببینن، ئەو کوردانە پەیوەستن بە شۆڕشی جیهانییەوە، ئەم وتارە بووەتە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفکراوی یەکێتیی سۆڤییەت و قسەو لێکۆڵینەوەی زۆری دەربارەکراوە.

٢- بۆ جاری دووەم کە فیکری بارزانی تێیدا دەرکەوت لە کۆنگرەی کانی سماق بوو لە ١٥-٤-١٩٦٧، وا رێکەوت کە لەوێ یەکەم سەردانم بێت بۆ لای بارزانی و ناوچە ئازادکراوەکان و ئامادەی کۆنگرەی سیاسی-سەربازیی سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە بووم کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و ئیدریس بارزانیی هەمیشە لە یاد ئامادەی بوون.

بارزانی لە کۆنگرەی کانی سماق رووی لە فەرماندەکانی پێشمەرگەو خەباتگێڕانی حزب کردو پێی گوتن: (ئێوە قارەمانانی ئەو گەلەن و خۆتان بە قوربانی دەکەن، هیواخوازم چاوتان لە هەژاران بێت و رەخنەش قبوڵبکەن، ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتی کاربکات جێی لەنێوماندا نابێتەوە و کوردایەتیش پێویستی پێی نابێت). بارزانی لەو کۆنگرەیەدا کوردی ناساندو داواکارییەکانیشی روونکردەوە و جەختی لەسەر گرنگیی کاری بەکۆمەڵ کردەوە بە توندیش هێرشی کردە سەر دەوڵەمەندانی کورد کە یارمەتیی گەلەکەیان نادەن، ئەو هەمیشە دەیگوت: من سەرکردە نیم و خزمەتکارێکی گەلەکەی خۆمم، هەروەها دەربارەی واتای پێشکەوتنخوازیی قسەی کرد دوور لە دروشمی بریقەدار و لەم بارەوە ئاماژەی بەوە کرد کە پێشکەوتنخواز ئەو کەسەیە کە ستەم لەگەلەکەی ناکات و دزی لێ ناکات و پارێزگاری لە کەرامەتی دەکات، هەروەها بە توندی رەخنەی لە مەسەلەی حزبایەتیی تەسك گرت و لەم رووەوە گوتی: ( بە درێژایی ژیانم خیانەتم لە کەس نەکردووەو قبوڵیش ناکەم کەس خیانەتم لێ بکات، رێکخستنی ریزەکانمان بنەمای سەرکەوتنمانە و ئێمەش ململانێی مان یان نەمان دەکەین، پێویستە سووکایەتیی بە شوان و گوندنشین و ئافرەت نەکەین)، هەروەها زیاتر گوتی: (لە ساڵی ١٩٤٥ و لە ساڵی ١٩٤٨ و لە ١٩٦٠ دا گوتوومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کە هیچ کێشەو ناکۆکی لە نێوان گەلی کوردو گەلی عەرەبدا نییە، کوردو عەرەب دۆست و بران، بەڵام ململانێمان لەگەڵ رژێم و حکومەتەکانە و داوادەکەین حکومەتێکی دیموکرات پێکبێت و ئێمەش هێرش بۆ کەس ناکەین و داکۆکی لە خۆمان دەکەین، حزب خۆی لە خۆیدا ئامرازە نەك ئامانج).

بارزانی خاوەنی فیکرو ئاراستەیەکی روون و ئاشکرا بوو، شۆڕشی ئەیلول و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی زیندووترین گەواهیدەرن لەسەر فیکری ئەو زاتە، بە پێچەوانەی زۆر لە سەرکردەو بەرپرسانی دیکە، لایەنی مەیدانی لای بارزانی لە لایەنی تیۆری زیاتر روون و دیارتر بوو، بۆیە لە یادی ١١٤ ساڵەی لەدایکبوونیدا ئەو پەڕی وەفاداری دووپات دەکەینەوە.

**بارزانی لە کۆنگرەی کانی سماق رووی لە فەرماندەکانی پێشمەرگەو خەباتگێڕانی حزب کردو پێی گوتن: (ئێوە قارەمانانی ئەو گەلەن و خۆتان بە قوربانی دەکەن، هیواخوازم چاوتان لە هەژاران بێت و رەخنەش قبوڵبکەن، ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەت کاربکات جێی لەنێوماندا نابێتەوە و کوردایەتیش پێویستی پێی نابێت)**

**بارزانی خاوەنی فیکرو ئاراستەیەکی روون و ئاشکرا بوو، شۆڕشی ئەیلول و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی زیندووترین گەواهیدەرن لەسەر فیکری ئەو زاتە، بە پێچەوانەی زۆر لە سەرکردەو بەرپرسانی دیکە، لایەنی مەیدانی لای بارزانی لە لایەنی تیۆری زیاتر روون و دیار بوو**


# بارزانی
# کاریزمایەک بۆ گەلی کوردستان

گەلی کورد خاوەنی کەسایەتیی بارزانییە کە خاوەن کاریزمایەکی زۆر بەهێز و پڕ ئەزموون بووە و بونیادنەری شۆڕشی کوردایەتی و دانەری بەردی بناغەی دەوڵەتی کوردییە و تا ئێستا نەوەکانی بەو ڕێگا و پلانە پیرۆزەی ئەو پیاوە مەزنەدا دەڕۆن بۆ گەیشتن بەو دەوڵەتەی کە ئاواتی هەموو تاکێکی دڵسۆزی ئەم کوردستانەیە.

بارزانی خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر بەهێز و بە توانا و دەسەڵاتداری بووە و خاوەن کاریزمایەکی زۆر تایبەت بووە هەمیشە کەسایەتییەکانی جیهان و عێراق لە سەرداندا بوون بۆ لای، هیچ کات نەچۆتە سەردانی کەسیان بۆ ئەوەی شکۆی کورد بە بڵندی ڕاگرێت و هەموو ئەو کەسایەتییانە لە چاوی بارزانییەوە سەیری تاکی کورد بکەن و هەمیشە وەك سەرۆکی کوردان ڕێزی لێگیراوە و هاتوونەتە خزمەتی، بارزانی قوتابخانەیەك بووە بۆ کوردایەتی، شکۆیەك بووە بۆ نەتەوەی کورد و نووسەری مێژوویەك بووە کە هەر تاکێك لە ئێمەی کورد شانازی پێوە بکەین، هەمیشە خاوەنی بڕیاری یەك لاکەرەوە و کۆتایی بووە.

لە خزمەت چەندین کەسایەتی بە تەمەن گفتوگۆم کردووە کە ساڵانێك لە خزمەت بارزانیدا بوون هەریەکیان بە کتێبێك لە باسکردن لەسەر کەسایەتیی بارزانی تەواو نەدەبوو، ڕاستی و دڵسۆزی و بوێریی بارزانییان بۆ باس کردم کە هەمیشە لە هەوڵدا بووە بۆ گەیشتنی گەلەکەی بە کەناری ئارامی و دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کە خاوەنی ئاڵا و شکۆبێت لە ناو وڵاتانی جیهاندا. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام بەو تەمەنە زۆرەشیانەوە خۆیان بە قوتابی قوتابخانەی بارزانی دەزانین هەتا ئەم ساتە ژەنەڕاڵ بارزانی سونبولێکە بۆ ئەمڕۆی گەلی کورد کە هەر تاکێك لە ئێمە دەبێت بەرز یادی بکەین و هەمیشە شکۆی بەرز بنرخێنین لە هەموو جیهاندا ناوی بارزانی بە سەرۆك و ڕابەر و شورشگێڕی نەتەوەی کورد ناسراوە لە ساتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا زۆرێك لە ئەفسەرانی کورد لە سوپای عێراقدا پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردانەوە کردووە و لە سایەی سەرکردایەتی بارزانیدا بوونەتە پێشمەرگەی کوردستان و چەندین کەسایەتی ناسراو و ئاغا و شێخ و هونەرمەند و شاعیرانی ئەو سەردەمە شانازی بووە لایان پێشمەرگەی شۆڕشی بارزانی بن.

بارزانیی نەمر کاریگەری تەواوی لەسەر ناوچەکە هەبووە و نوێنەرانی وڵاتانی دراوسێ هاتوونەتە خزمەتی و لەبەر ئەوی بارزانی دۆستایەتی ڕاستەقینەی هەبووە بۆ دەوروبەری هەموو زۆر بە پەرۆش بوون بە دۆستایەتی و دیداری و تەنیا نەیار و نادڵسۆز و ماف خۆرانی گەلی کوردی بە دوژمنی کورد هەژمارکردووە و بە توندی و کوردانە شۆڕشی دژیان بەرپاکردووە،



ڕێباز عوسمان – سلێمانی

بارزانی سوپایەك لە سیاسی و دەوڵەتمەدار و دڵسۆز و خەمخۆری كوردستانی دروستكرد و لە دوای خۆی كوردستانی پێ سپاردن، هەریەك لەوان بە مێژووی خەباتی ئەم پیاوە مەزنەدا ڕێگایان بڕیوە، بۆیە ئەمڕۆی كوردستان بۆتە جێگای سەرنجی هەموو جیهان و تاكی كورد و پێشمەرگەی كوردستانی فێری بوێری و چاونەترسی كرد بۆ ئەوەی هەرگیز تاكی كورد لە هیچ شتێك سڵ نەكات و بوێربێت، گەر ئێمەی نەوەی ئەمڕۆی كوردستان هەموو پێكەوە بێ جیاوازی ڕەنگەكان بە ڕێكاری مێژوویی و ئەو بناغەیەی بارزانی كوردستان خزمەت بكەین دڵنیام كە هیچ هێزێكی دوژمنی گەلی كورد جورئەت ناكات لە بەرامبەر كوردستان بوەستێت و سەنگەری هەبێت، بارزانی هەموو كات دوژمنی خیانەت و خیانەتكاران بووە و یەك لە وتەكانی لە دژی خیانەت فەرمویەتی ((ئەگەر كوردایەتی گرانە خیانەت نەكردن ئاسانە)) دوژمنانی گەلی كورد و ڕژێمی ئەوسای عێراقی فاشیست چەندین جار پیلانیان دژی بارزانی گێڕا بۆ دوورخستنەوەی و لەناوبردنی خۆشبەختانە هیچیان سەری نەدەگرت بە هۆی بوێری و ژیریی بارزانی و دڵسۆزی شۆڕشگێڕانی دەوروبەری و هەموو شۆڕشگێڕان بارزانیان وەك ڕابەری گەلی كورد داناوە و ئێستاش وەك ڕابەر و باوكی ڕوحی نەتەوەی كورد دادەنرێت. مێژوو بەدەگمەن كەلە پیاوێكی وەك بارزانی دەنووسێتەوە و پیاوێك كە بوونیادنەری قوتابخانەی كوردایەتییە دروست دەكات میراتی كاریزمایە لە باوك و باپیرانی كوردایەتی و شۆڕش بوو كە وەریگرتبوو و بۆی بەجێما بوو، بارزانی هەمان میرایەتی كوردایەتی و شۆڕشگێڕی بۆ نەوەكانی و شوێنكەوتوانی ڕێبازە پیرۆزەكەی بەجێهێشت.

بارزانی جگە لە پێشمەرگە كۆمەڵێك پیاوانی ئایینی شوێن ڕێبازە پیرۆزەكەی كەوتبوون، چونكە لای پیاوانی ئاینی ڕێبازی بارزانی لانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوو هەر بۆیە ناسراو بوو بە مەلا مستەفای بارزانی شۆڕشی كوردی لەسەر بنەمای ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕاستەقینە بەرپا بوو و هەموو كات پیاوانی ئاینی و زانایان لە دەوری كۆدەبوونەوە نازناوی باوكی ڕوحی نەتەوەیی كورد لەوەوە سەرچاوەی گرت كە بارزانیی نەمر هەمیشە هەوڵی یەك ڕیزی و یەك خستنی نێو ماڵی كوردی ئەدا و هیچ كات لەكەڵ پارچە پارچە بوونی كوردستان نەبووە بارزانی تەمەنی پڕ سەروەری لە ١٩٧٩/٣/١ كۆتایی هات و پەیامی سەروەری و پاراستن و سەربەخۆیی كوردستانی بە سەرۆك مسعود بارزانی سپارد و ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی میراتگری پەیامی پیرۆزی بنەماڵەی بارزانە بۆ گەیاندیی كوردستان بە سەربەخۆیی و هەڵكردنی ئاڵا پیرۆزەكەی لە پاڵ ئاڵاكانی جیهان.

## دیپاک گوپتا
## پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا بەبێ رووسیا کێشەی سووریای بۆ چارەسەر ناکرێت

**دیپاك گوپتا پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی (San Diego State) و پێشتریش بەرپۆبەرو یەکێك لە دامەزرێنەرانی پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بارگرژییەی لە نێوان ئەمەریکاو ئێراندا دروست بووەو ئەگەرەکانی هەڵکشانی زیاتری ئەو ئاڵۆزییانەو چەند پرس و بابەتێکی پێوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**ئێستادا سعودیە و ئیسرائیل کێشەیەکی هاوبەشیان هەیە، چەند ساڵێک پێش ئێستا وێنای ئەوە نەدەکرا کە ئەمە رووبدات، کەواتە دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەم شێوەیە ئاڵۆز و مەحاڵ بووە**

*** بە شێوەیەکی گشتی ئەدای ئیدارەی سەرۆك ترەمپ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئاشکرایە دۆناڵد ترەمپ دژی هەر کارێکە کە باراك ئۆباما ئەنجامی داوە، ئەو دژی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران لێدوانی داوە، لەکاتێکدا کە دەزانین ئەو رێککەوتنە لەسەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا واژۆ کرا، هەروەها ئێمە بینیمان کە پشتیوانییەکی بەهێزی بۆ ئیسرائیل و تەنانەت بۆ بنیامین نەتنیاهۆش دەربڕی، لە کاتێکدا سارد و سڕییەك هەبوو لەپێوەندی نێوان ئیدارەی ئۆباما و حکومەتەکەی نەتنیاهۆدا، کەواتە ئەوەی ترەمپ دەیکات کاردانەوەیە، هەروەها کاتێك ترەمپ رایدەگەیەنێت کە دژی رێککەوتنی شەراکەتی هەردوو بەرەی ئەتڵەسییە، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە ئەم رێککەوتنە لەسەروەختی ئیدارەی ئۆبامادا هاتەئاراوە. کەواتە ترەمپ لە هەموو شتێکدا پێچەوانەی هەنگاوەکانی ئۆباما هەڵسوکەوت دەکات، لە پێوەندی بە گۆڕانی ژینگەوە، لە پێوەندی بە پەروەردەوە، هەروەها رێککەوتنی نافتا و چاودێری تەندروستییەوە، لە راستیدا ئەو دەیەوێت هەموو دەستکەوتەکانی سەرۆك ئۆباما پێچەوانە بکاتەوە.

*** هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی پێشتر لە ئەمەریکا هەستێکی بەهێز دژی ئۆباما گەڵاڵە ببوو، ئیدی لە بەرگی نەژادپەرستیدا بێت، یاخود بەهۆی بەرهەڵستیکردنیانەوە بێت بۆ ئەو سیاسەتانەی ئۆباما پیادەی دەکردن، هۆکارەکە هەرچییەك بێت ئەوا هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە بنکەی سیاسیی ترەمپ لەو کەسانە پێکهاتووە کە دژی ئۆباما بوون. هەروەها ستراتیژیەتی ترەمپ چاندنی ترس و لەرزە، ئەو کەسانەی پشتیوانی دەکەن ترسیان لە هەموو شتێك هەیە.



# پێشمەرگە بۆتە هاوپەیمانی پێنتاگۆن و کوردستانیش بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی هەڵگرتووە

*** بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئیدارەی ترەمپ دەستی داوەتە هەڵمەتێك بۆ فشاردروستکردن لەسەر ئێران و بە ئاشکرا ئێران بە هەڕەشەو مەترسی لە قەڵەم دەدات، ئایا ئاکام و دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵکشانی گرژییانە چی دەبن؟ ئایا دەبنەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە؟**

- ئەمە تەواو ڕێی تێدەچێت، لەبەر ئەوەی یەکێك لە لاوازییەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئەوە بوو کە ئەمەریکا تەنیا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێران رازی بکات بە راگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ئەوەی نەتوانێت چەکی ناوکی دروست بکات، بەڵام باس لە مافەکانی مرۆڤ نەکرا و باس لەوە نەکرا کە ئێران پشتیوانی گرووپە یاخیگەرییەکانی وەك حوسییەکان لە یەمەن دەکات. لەبەر ئەوە هەمیشە رەخنەگرەکان دەڵێن بۆچی گفتوگۆ لەبارەی ئەم پرسانەوە نەکرا و ئەمە بە لاوازی لە ڕێککەوتنەکەدا لە قەڵەم دەدەن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێمە ناتوانین لە تاکە ڕێککەوتنێکدا هەموو ئەو مەسەلانە بچەسپێنین کە خوازیارین ئێران ئەنجامیان بدات، بەڵام خۆ ئیدارەی ئۆباماش نەیشاردەوە و هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەوە تەنیا ڕێککەوتنێکە و پەیوەستە بە پرسی ناوکییەوە.

*** ئەی پێتانوایە چ سیاسەت و ڕێگاچارەیەك لە ئاست سووریادا دەگرێتەبەر، بەتایبەتی کە سەرۆك ترەمپ دەیەوێت لەیەك کاتدا بەرەنگاری داعش و دەستڕۆیشتوویی ئێران ببێتەوە لەو وڵاتەدا؟**

- هەروەك ئێوەش دەزانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەموو کردەوەیەك دژەکەی لە

**عەرەبستانی سعودیەش خوازیاری ئەوەیە داعش تێکبشکێت، بەڵام ئامانجی پلە یەکی سعودیە، ئێران و شیعەیە، کەواتە ئەمە بارودۆخێکی ئاڵۆزە و چاوەڕوانی هیچ رەوتێکی جێگیر لە سیاسەتی دەرەکیی هیچ وڵاتێکدا ناکرێ**

هەنـاوی خۆیـدا هەڵگرتـووە، بـۆ نموونـە لـەو شـەڕی ناوخۆییـەی لـە سـووریادا- و لـە نێـوان شـیعە و سـوننەدا- لـە ئارادایـە، چەنـد لایەنێـك هـەن کە هاوپەیمانـی ئێران و رووسیان، خۆ ئەگـەر بتەوێـت رێککەوتنێـك لەگـەڵ رووسـیادا بکەیـت، ئـەوا ئەمـە دەبێتەهـۆی بەهێزکردنـی ئەسـەد، بـەو شـێوەیە ئەمـەش پێگـەی ئێـران و شـیعە بەهێزتـر دەکات، هەروەهـا کاتێك دژی ئەلقاعیدە لە یەمەن دەجەنگیـت، یـان هەوڵەکانـت چڕدەکەیتـەوە بـۆ شـەڕکردن لـە دژی داعـش، ئـەوا پێگـەی شـیعە بەهێـز دەکەیـت، کەواتـە هەوڵـدان بـۆ گرتنەبـەری سیاسـەتێکی دیاریکـراو لـە ئاسـت رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کارێکـی ئاڵـۆز و پـڕ لـە دژیەکییـە.

*** ئـەی کارکردنـی ئەمەریـکا لەگـەڵ رووسـیادا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی سـووریا چ ئـاکام و دەرئەنجامێکـی لێدەکەوێتـەوە؟**

- لـە راسـتیدا لەبـەر ئـەوەی رووسـیا بەرژەوەندییەکـی زۆری هەیـە لـە پشـتیوانیکردنی رژێمەکـەی ئەسـەد لـە سـووریا و بنکـەی دەریایـی هەیـە لـەو وڵاتـە و بگـرە تەنیـا وڵاتـە لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کـە رووسـیا شـەراکەتێکی بەهێـزی هەیـە لەگەڵیـدا. خـۆ ئەگـەر ئەمەریـکا بیەوێـت ئاشـتی لـە سـووریادا دەستەبەر بێت، ئـەوا دەبێـت لەگـەڵ رووسـیادا کاربـکات. بـەڵام ئەمـەش بـە شـێوەیەکی حەتمـی بـە مانـای مانـەوەی ئەسـەد دێـت لـە دەسـەڵاتدا، ئەمـەش دۆخێکـە لـە بەرژەوەنـدی ئەسـەددایە. هەروەهـا کاتێك ئەمەریـکا شـەڕی بـەرەی نوسـرە و داعـش و ئەلقاعیـدە دەکات، ئـەوا لـە راسـتیدا هـاوکاری ئەسـەد دەکات. ئەمـەش دۆخێکـی ئاڵـۆزە. لەلایەکـی دیکـەوە دەبێـت ئـەو راستییە لەبەرچاو بگریـن کـە سـەرجەم وڵاتانـی ناوچەکـە لـە روانگـەی بەرژەوەندییەکانـی خۆیانـەوە رەفتـار دەکـەن، کـە شـەڕکردن لـە دژی داعشـیش بـەلای ئـەو وڵاتانـەوە بـە پلـەی دووەم دێـت، بـۆ نموونـە لـە روانگـەی تورکیـاوە شـەڕکردن لـەدژی کـورد ئەولەوییەتـی یەکەمـی هەیـە. هەروەهـا راسـتە عەرەبسـتانی سـعودیەش خوازیـاری ئەوەیـە داعـش تێکبشـکێت، بـەڵام ئامانجـی پلـە یەکـی سـعودیە، ئێـران و شـیعەیە، کەواتـە ئەمـە بارودۆخێکـی ئاڵـۆزە و چاوەڕوانـی هیـچ رەوتێکـی جێگیـر ناکـرێ لـە سیاسـەتی دەرەکیـی هیـچ وڵاتێکـدا.

*** ئایـا دەتوانیـن بڵێیـن ئێـران سـەرکەوتوو بـووە لـە بـرەودان بـە دەسترۆیشـتوویی و دەسـەڵاتی خـۆی لـە وڵاتانـی ناوچەکـە، بەتایبەتـی کـە لـە ئێسـتادا عێـراق لـە ژێـر کاریگەرییەکـی زۆری ئێراندایـەو چەندەهـا گرووپـی میلیشـاگەری شـیعە هـەن لـە عێراقـدا کـە لایـەن ئێرانـەوە پاڵشـتی دەکرێـن؟**

- بـە دڵنیاییـەوە، کاتێـك جـۆرج بـوش سـەدامی لـە دەسـەڵات دوورخسـتەوە، ئـەوا ئەمـە دیارییـەك بـوو بـۆ ئێـران، ئێسـتاش ئێـران لـە رووی سیاسـییەوە لـە پێگەیەکـی بەهێزدایـە لـە ناوچەکـە، وڵاتانـی عەرەبـی بەدەسـت دابەشـبوونەوە دەناڵێنـن، بەهـۆی ناکۆکیـی نێـوان شـیعەو سـوننەوە، نـەك تەنیـا لـە عێـراق، بەڵکـو لـە یەمـەن و بەحرەیـن، کەواتـە ئەمـە کێشـەیەکی قووڵتـرە و کێشـەیەی ئایینییـە- ناکۆکـی نێـوان شـیعە و سـوننە- لەبـەر ئـەوە پێموایـە پێگـەی ئێـران بەهێزتـر بـووە، هـەروەك چـۆن پێگـەی سـعودیە لاوازتـر بـووە. هەروەهـا ئـەوە جێـی سـەرنجە لـە ئێسـتادا سـعودیە و ئیسـرائیل کێشـەیەکی هاوبەشـیان هەیـە، چەنـد سـاڵێك پێـش ئێسـتا وێنـای ئـەوە نەدەکـرا کـە ئەمـە رووبـدات، کەواتـە دۆخـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە بـەم شـێوەیە ئاڵـۆز و مەحـاڵ بـووە.

*** هـەروەك دەزانـن کـورد رۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو لـە شـەڕی دژ بـە داعشـدا، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا کورد شایستەی ئەوە نییە هاوکاری و پشـتیوانی زیاتـری نێودەوڵەتـی لێبکرێـت؟**

- بـە دڵنیاییـەوە پێشـمەرگە بوونـە هاوپەیمانـی ئەمەریـکا و هەرێمـی کوردسـتان پتـر بـەرەو سـەربەخۆیی هەنـگاوی هەڵگرتـووە، هەروەهـا سـەرەڕای ئـەوەی مەترسـی ئـەوە دەکرێـت تورکیـا بەرهەڵسـتی بـکات، بـەڵام کـورد لـە پێگەیەکـی بەهێزتردایـە.

*** ئـەی چـۆن لـە هەوڵەکانـی کـوردی عێـراق دەڕوانیـت بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی؟**

- مـن ناتوانـم وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەمـەوە، بـەڵام ئەگـەر لـە رووی سـتراتیژییەوە لـە مەسـەلەکە بڕوانیـن، ئـەوا کـورد خاوەنـی نەوتـەو دوای ئـەوەی کـورد جـۆری پێوەندییەکانیـان لەگـەڵ شـیعەدا یەکلادەکەنـەوە، ئـەوا خۆیـان دەتوانـن دەستنیشـانی ئـەوە بکـەن کـە باشـترین رێگاچـارە چییـە تـا بیگرنەبـەر.

**سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە رەفتار دەکەن، کە شەڕکردن لە دژی داعشیش بەلای ئەو وڵاتانەوە بە پلەی دووەم دێت**

**بنکەی سیاسیی ترەمپ لەو کەسانە پێکهاتووە کە دژی ئۆباما بوون. هەروەها ستراتیژیەتی ترەمپ چاندنی ترس و لەرزە، ئەو کەسانەی پشتیوانی دەکەن ترسیان لە هەموو شتێک هەیە**



## تۆماس نێڤ

تایبەتمەند لە دیراساتی نێودەوڵەتی

بۆ گوڵان:

# پێشتر عێراق باڵانسی هێز بوو بۆ ئێران، بەڵام دوای هاتنی ئەمریکا ئەم هاوکێشەیە تێکچوو

تۆماس نێڤ توێژەرە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی سەر بە ئامۆژگای تەکنیکی ماساشوسێتس، کە سەنتەرێکە بایەخ بە پرسەکانی وەك پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیراساتی ئەمنی و چەند بوارێکی گرنگی دیکە دەدات. بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵوەستەکردن لەسەر دوایین پێشهاتەکانی پەیوەست بە هەڵکشانی ناکۆکی و گرژیی نێوان ئیدارەی ترەمپ و وڵاتی ئێران و چەند مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**ئومێد دەکەم ئیدارەی ترەمپ ئەو راستییەیان بۆ روون ببێتەوە کە ئەوەی گرتوویانەتەبەر چارەسەری سادەن بۆ کێشەی ئاڵۆز**

*** هەروەك بینیمان لەم چەند رۆژەی دواتردا گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران زیاتر بوون، پێتانوایە رەوتی پەرەسەندنەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە. بە بۆچوونی من رەنگە ئیدارەی ئەمەریکا هیچ هەنگاوێك هەڵنەگرێت، چونکە ترەمپ راهاتووە لەسەر ئەوەی لێدوانی توند بدات، بەڵام پێموایە لە کۆتاییدا گوێ بۆ کەسانی دیکە دەگرێت و دۆخەکە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەڕوات، لەبری ئەوەی کە لە ئێستادا وا دەردەکەوێت کە دۆخەکە بە ئاڕاستەیەکدا ببردرێت کە ئەگەری ئەوەی لێبکەوێتەوە رێگاچارەی سەربازی تێیدا بگیرێتەبەر. بەلای کەمەوە ئەمە ئومێدی منە، چونکە پەنابردنەبەر هەر رێگاچارەیەکی دیکە کارێکی شێتانەیە. لەلایەکی دیکەوە ترەمپ دەرئەنجامێکی خراپی بەدەستهێناوە لە راپرسییەکاندا و لە ئێستاشدا هەست دەکات کە دەبێت کارێك بکات بۆ ئەوەی خەڵکی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەمەش کارێکی مەترسیدارە، چونکە چەندین ئەزموون هەن لە جیهاندا کە سەرکردە لاوازەکان هەستیان کردووە کە دەبێت هێرش بکەنەسەر کەسێك، یان پرسێك بۆ ئەوەی ترس لە نێو خەڵکدا دروست بکەن. لەبەر ئەوە پێموایە هاوسەنگییەك دروست دەبێت لە کۆتاییدا، بێ ئەوەی گۆڕانکاری گەورە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بکرێت، یاخود هەڵبوەشێندرێتەوە.

*** لە هەمانکاتدا ترەمپ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە هەوڵ و کۆششەکان چڕبکرێنەوە بۆ تێکشکاندنی داعش، لەکاتێکدا وادەردەکەوێت کە ئیدارەی ترەمپ بیەوێت لەهەمان کاتدا کار لەسەر لاوازکردن و سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران بکات، ئایا چۆن ئیدارەی ئەمەریکا دەتوانێت ئەم دوو ئامانجە پێکەوە بەدی بهێنێت؟**

- لە راستیدا کەس نازانێت پەرەسەندنەکان بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕۆن، حکومەتی ئەمەریکا دامەزراوەیەکی گەورەو ئاڵۆزە، لەبەر ئەوە کاتێك ترەمپ لە تویتەردا شتێك دەڵێت، ئەوا ئەمە گرنگییەکی زۆر گەورەی نابێت، لە ئێستادا چەندین پرس و کێشە هەن کە ئیدارەی ئەمەریکا بە خۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین تاوەکو مەسەلەکان زیاتر روون دەبنەوە.

*** بەڵام ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە پاڵپشتی بڵاوبوونەوەی تیرۆر دەکات و هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رەفتارەکانی ئێران لە ناوچەکەدا ناسەقامگیری و نائارامیی دروست دەکەن؟**

- لە راستیدا چەندین وڵات تێوەگلاون لەو دۆخەی لە عێراق و لە سووریادا دەگوزەرێت، ئەوەی پێوەندی بە سووریاوە هەبێت، ئەوا من زانیارییەکی زۆرم نییە لەبارەی ئاست و ئەندازەی دەستێوەردانی ئێران لەو وڵاتە، بەڵام پێموانییە بتوانرێت بارودودۆخەکە بە ئاڕاستەی چارەسەرکردندا ببردرێت بە بێ بوونی جۆرێك لە رێککەوتن لە نێوان ئەمەریکا و رووسیادا، هەروەها لە سووریادا چەندین لایەنی جیاواز هەن کە شەڕی یەکتر دەکەن و ئەمەش دۆخەکەی ئاڵۆز کردووە و هەمیشە رووسیا و ئەمەریکا دەتوانن ئەو لایەنانە بدۆزنەوە لە سووریادا کە هاوپەیمانێتی لەگەڵدا بکەن، کەواتە ئەمە بەشێکە لە ململانێی نێوان ئەمەریکاو رووسیا بۆ بەدەستهێنانی دەستڕۆیشتوویی لە هەندێ ناوچەی جیهاندا، لە نێویاندا سووریا. بەڵام من وەڵامی ئەوە نازانم کە ئایا ململانێکەیان لە پێناوی ئەوەیە کە باڵادەستی خۆیان بسەپێنن، یاخود تەنیا بۆ ئەوەیە پیشانی بدەن کە ئەوان هێزێکی گرنگن.

*** ئەی چۆن لە باڵادەستی ئێران بەسەر عێراقەوە دەڕوانیت و ئایا لە حاڵەتی هەڵکشانی ناکۆکییەکانی ئەمەریکاو ئێراندا، مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دروست نابێت و ئەگەری ئەوە نایەتئاراوە بکرێنە ئامانج لەلایەن ئێرانییەکانەوە؟**

- لە راستیدا چەندین کێشە هەن لە عێراقدا کە رووبەڕووی ئەمەریکا دەبنەوەو ئەو تێڕوانینەش لەئارادایە کە ئەمەریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد بە داگیرکردنی عێراق و تێکدانی هاوسەنگیی هێزی نێوان عێراق و ئێران، کە ئەو کردەوەیەی ئەمەریکا بووە هۆی ئەوەی دەرگا لەسەر پشێوییەکی گەورە واڵا بێت. لەبەر ئەوە ئێستا بارودۆخێکی ئاڵۆز لە عێراقدا دەگوزەرێت، کە شیعەکان باڵادەستن و سوننەکانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوکار بوون لە هەڵکشانی هێزی داعش.

**سعودیە لە نێو ئەو وڵات موسڵمانانەدا نەبوو کە بەڕێز ترەمپ رێگەی بە هاووڵاتییەکانیان نەدا بچنە ئەمەریکاوە. لەلایەکی دیکەشەوە سعودیە بەرژەوەندیی ئیقلیمی هەیە، بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترەو ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەمەریکا مەبەستی بووە لەگەڵ سعودیەدا هاوهەڵوێست بێت**

*** ئەی چۆن لەهەوڵەکانی کوردی عێراق دەڕوانن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەتایبەتی کە کورد نەبۆتە بەشێك لە کێشەی نێوان شیعەو سوننەو سەلماندی کە هێزێکی کارا و کاریگەرە لە شەڕی دژ بە داعشدا؟**



- لە ڕاستیدا ئەوە سەدەیەکە کورد هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەدات، نەك تەنیا لە عێراقدا، بەڵکو لە تورکیاشدا. پێشتر ئەمەریکا لە ڕوانگەیەکی مرۆییەوە دەستێوەردانی کرد بۆ پارێزگاریکردن لە کورد و کوردیش هاوپەیمانن لە چەندین بواری دیکەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها کورد هێزێکی ڕێکخراوترن و ئاسانتر کاریان لەگەڵدا دەکرێت. کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە کاتێك پشتیوانی ئەمەریکا بۆ کورد زیاتر دەبێت ئەوا دەوڵەتانی دیکە هەنگاوی هاوشێوە هەڵبگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کورد خەباتێکی دوور و درێژیان لەبەردەمدایە.

*** ئایا دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا نایێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەك بەڕێوەبچێت کە بەرهەڵستی تورکیای لێنەکەوێتەوە و گرژی و ئاڵۆزی لە شوێنەکانی دیکە نەخوڵقێنێت، ئەوا بە تێڕوانینی من ئەمە دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی باشی دەبێت، بەڵام ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە، بە ڕادەیەکی گەورە بەهۆی هەڵوێستی تورکیاوە، من دەڵێم ئەم پرسێکی لاوەکییە لە ڕوانگەی هێزە گەورەکانی وەك ئەمەریکا و ڕووسیاوە.

*** ئایا پێتوایە لە ئێستادا نزیکبوونەوەیەکی زیاتر لە نێوان ئیدارەی ئەمەریکا و سعودیەدا دروست بووە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەمەریکا فشاری زیاتری لەسەر ئێران دروستکردووەو سعودیە لە یەمەندا هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی حوسییەکان و ڕێگریکردن لە فراوانخوازی ئێران دەدات؟**

- ئاشکرایە سعودیە لە نێو ئەو وڵات موسڵمانانەدا نەبوو کە بەڕێز ترەمپ ڕێگەی بە هاووڵاتییەکانیان نەدا بچنە ئەمەریکاوە. لەلایەکی دیکەشەوە سعودیە بەرژەوەندیی ئیقلیمی هەیە، بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترەو ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەمەریکا مەبەستی بووە لەگەڵ سعودیەدا هاوهەڵوێست بێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئیدارەی ترەمپ ئیدارەیەکی نوێیەو هێشتا ئاشنایەتی لەگەڵ سەرجەم ئەو پرس و کێشانەدا نییە و هێشتا بەلای منەوە بارودۆخەکە درێژەکێشانی سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییە، ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ئیدارەی ترەمپ هەوڵیداوە لە ڕێی بڕیارەکانەوە —execu-tive orders- کارەکان ئەنجام بدات کە زۆربەی ئەم بڕیارانەش دووچاری کێشەی کردوون، کە ئەمانەش کاردانەوەیەکی سادەن بۆ بارودۆخە ئاڵۆزەکان و بەلای کەمەوە من ئومێد دەکەم ئیدارەی ترەمپ ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون ببێتەوە کە ئەوەی گرتوویانەتەبەر چارەسەری سادەن بۆ کێشەی ئاڵۆز.

**کورد هێزێکی ڕێکخراوترن و ئاسانتر کاریان لەگەڵدا دەکرێت. کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە کاتێک پشتیوانی ئەمەریکا بۆ کورد زیاتر دەبێت ئەوا دەوڵەتانی دیکە هەنگاوی هاوشێوە هەڵبگرن**

### لەسەروبەندی ژانی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا

# کوردستان بەرەو قۆناخێکی هەستیار، بەڵام پڕشنگدار





**ئەوانەی کە ئێستا خۆیان لەبەرەی دژی سەربەخۆیی و پرۆسەی دانوستاندنی کوردستان و عێراق بۆ سەربەخۆیی دەبیننەوە و دیاری بەلاشی کوردفرۆشی پێشکەشی داگیرکەران دەکەن، دەبێت باش بزانن نە ئەوان و نە نوری مالکیش لە ئایندەی سیاسی بەشە عەرەبییەکەی عێراق (نەک ئەو عێراقەی پێش ٢٠١٤) رۆڵیان نابێت**

**ئەگەر لە ئاکامی سندوقەکانی دەنگدانیشەوە کەسێکی وەک مالیکی شەرعییەتی ئەوەی پێبدرێت، بگەرێتەوە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەوا ئایندەی عێراق و ناوچەکەو کۆی هاوسەنگیی نێوان شیعەو سوننە و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێگەنادات مالیکی و ئەوانەی وەک مالیکی بیردەکەنەوە لە پرۆسەی سیاسیی ئایندەی عێراقدا هیچ ئایندەیەکیان هەبێت**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییهاتنی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ، جارێکی دیکە هەولێر دەبێتەوە بە سەنتەری کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی عێراق و پێدەچێت ئەمجارەیان نەك هەر تەنیا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و بەریتانیا ببنە بەشێك لەم پرۆسەیە، مەزندەی ئەوە دەکرێت بازنەکە فراوانتر بێت و دەوڵەتان و لایەنی دیکەش لە دیاریکردنی جۆری پێوەندی و ئایندەی نێوان عێراق و کوردستان بەشداری بکەن.

لە ئێستا پرسی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان، یان بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەم جوگرافیایە، تەنیا پرسێکی ناوخۆیی نێوان عێراق و کوردستان نییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێویستە پێش هەرلایەکی دیکە عێراق و کوردستان لەسەر ئەم پرسە چارەنووسسازە وتووێژ بکەن و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدەن، بەڵام گرنگیی یەکلایی بوونەوە، یان دیاریکردنی جۆری پێوەندیی ئایندەی نێوان عێراق و کوردستان نەك هەر تەنیا بۆ ئەو دوو لایەنە، بەڵکو بۆ تەواوی رۆژئاواو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بە سوننە و شیعەوە گرنگیی خۆی هەیە و یەکلابوونەوەی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان دەبێتە دروستکەری شاڕێگەی ئاشتی لەناوچەکەدا.

هێز و لایەنە شیعیەکانی عێراق تا رادەیەکی زۆر لەو راستییە دڵنیابوون کە جارێکی دیکە ناتوانن ئەو هاوپەیمانییەی نێوان کوردستان و شیعە بگێڕنەوە بۆ سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٣، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەیەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا، کە کورد پێیوابوو کوردو شیعە هەردوولایان قوربانیی دەستی یەك جەلاد بوون و دەتوانن بەهاوبەشی عێراق بەڕێوە بەرن و ئارەزوومەندانە لەیەك وڵاتدا پێکەوە بژین، نەك هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو کوردیان گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە جیاوازی حوکمڕانیی عەرەبی سوننە (سەدام حوسێن) لەگەڵ حوکمڕانیی شیعە (نوری مالیکی) تەنیا ئەوەندەیە دوو دەموچاوی جیاوازن، رژێمی سەدام حوسێن کوردستانی کیمیاباران کردو رژێمەکەی نوری مالیکی-یش بودجەو مووچەی کوردستانی بڕی، ئەمەش وەك پەندە عەرەبییەکە دەڵێت: (قطع الاعناق ولا قطع الارزاق) واتە سەریان ببڕن، بەڵام رزقیان مەبڕن. بەڵام نموونەی حوکمڕانیی شیعە (نوری مالیکی) ئەمەشی کرد. بەداخەوە لەبەرامبەر ئەم رەفتارە نامرۆڤانەی نوری مالیکی، نەك هەر تەنیا هێز و لایەنە شیعەکانی ناو هاوپەیمانی نیشتمانی، بەڵکو مەرجەعییەتی باڵای نەجەف بێدەنگی هەڵبژارد، دیارە هەڵبژاردنی بێدەنگیش لەسەر پرسی لەو جۆرە، واتە رازیبوون بەو زوڵمەی لەلایەن رژێمی نوری مالکییەوە لە خەڵکی کوردستان دەکرێت.

هێز و لایەنە شیعەکانی عێراق تەواو لەو راستییە حاڵیبوون کە جارێکی دیکە کوردستان نابێتەوە بە بەشێك لە عێراق، بۆیە هەندێك لایەنیان ئامادەباشییان پیشانداوە کە لەسەر پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ کوردستان دانوستاندن بکرێت، دیارە چەمکی دانوستاندیش لای عەرەبی شیعە هەمان مانای لای عەرەبی سوننە هەیە، بەڵام جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە، ئەمجارەیان جوگرافیای باشووری کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بە خوێن و قوربانیدان ئازادکراوەتەوەو بۆتە ئەو ئەمری واقیعەی پێش دانوستاندنی سیاسی، دانوستاندنی سەربازی بە ئامادەبوونی ئەمریکا لەسەر کراوە و ئەم رێککەوتنە سەربازییەش شەرعییەت بەمانەوەی پێشمەرگە دەدات، نەك هەروەك بەشێك لە خاکی باشووری کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا، بەڵکو وەك بەرەی پێشەوەی شەڕی دژی داعش و، بوونی بە هێڵێك بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لەبەشەکانی دیکەی عێراق کە ئێستا مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و ملنەدانی حکومەتی بەغدا بۆ داواکاریی سوننە، بەجۆرێکی دیکە شەڕێکی دیکەی مەزهەبگەرایی خوێناوی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دروست ببێتەوە.

کەواتە جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق لە رووی سەربازییەوە پێش ئەوەی ئامانج لێی سەربەخۆیی کوردستان بێت، ئامانجی سەرەکی هەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق و دووبارە رێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە، ئەوجا ئەم پرۆسەیەی رێکخستنەوەیە چەندی پێدەچێت

و چۆن ڕێکدەخرێتەوە، ئەمەیان مەسەلەیەکە و پێوەندیی نێوان کوردستان و بەشە عەرەبییەکەی عێراقیش مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام بۆ ئەوەی پرۆسەی ڕێکخستنەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق و ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، کێشەی کەمتر بێتە ڕێگای و پرسی سەربەخۆیی کوردستان نەبێتە کارتی گوشاری دەستی شیعە و سوننە بۆ بەهێزکردنی پێگەی جەماوەری خۆیان، ئەوا باشترە کە پرسی سەربەخۆیی کوردستان وەك هەنگاوی یەکەم لەگەڵ عێراق یەکلایی بکرێتەوەو پاشان بەشە عەرەبییەکەی عێراق بە هاوکاری ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، هاوکاری هەردوو لایەنی عەرەبی شیعە و سوننە بکەن بۆ ئەوەی لەسەر شێوازێکی تازە پێوەندیی خۆیان ڕێکبخەنەوە.

کێشەی سەرەکی لە دووبارە ڕێکخستنەوەی عێراقی دوای داعش، بریتی دەبێت لە جیاکردنەوەی سوپا لە سیاسەتی مەزهەبگەرایی و دوورخستنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەناوچەکانی عەرەبی سوننەنشین، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە هێزێکی ئاسایشی لۆکاڵ بەناوی گاردی نیشتمانی بۆ عەرەبی سوننەی عێراق دابمەزرێت و پرسی ئاسایش لە عێراقی عەرەبیدا بەرەو لامەرکەزی کردن بەرن، ئەمەش دەبێتە یەکەم نموونەی لامەرکەزیی هێزی سەربازی و ئاسایش لە ئەزموونی دەوڵەتی فیدراڵی لە جیهاندا، هێنانەئارای ئەزموونێکی لەمشێوەی دەوڵەتی فیدراڵی لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننە لەسەر بنەمای بەلامەرکەزی کردنی هێزی سەربازی و ئاسایش، خۆی لە خۆیدا ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات کە ئەزموونی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبووەو دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عەرەبی سوننەش لە عێراقدا پەنا بۆ جۆرێك لە دابەشکردنی سەروەری ببرێت، بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران سنوورێك بۆ دەستتێوەردانەکانی لە چارەسەرێکی لەمجۆرەی نێوان شیعەو سوننە دابنێت، ئەوا لەوانەیە عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق، لەبەر ئەوەی کێشەی ناسنامەی نەتەوەییان نییە، بەم ڕێگەیە کێشەکەیان چارەسەر بکرێت و پێوەندیی نێوانیان ڕێکبخرێتەوە.

بەڵام سەبارەت بە باشووری کوردستان، کە لە ئێستادا کۆمەڵێك کێشەی سەرەکی لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەئەمری واقیع یەکلایی بۆتەوە، یەکلابوونەوەی ئەم کێشانەش وایکردووە کە کوردستان و عێراق بەشێوەیەکی هێمنتر دیالۆگ بکەن و باشتریش لە یەکتری تێبگەن و بوونی کوردستان و عێراق بەدوو دەوڵەتی دراوسێی یەکتری کێشەیەکی ئەوتۆ دروست نەکات، بەتایبەتیش کە پێشتر بەشی هەرە زۆری کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق لەسەر ئەم کێشانە بوون:

١- گەورەترین کێشەی نێوان کوردستان و عێراق، کێشەی خاك و دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان بوو، بەڵام ئێستا بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانەی پێیان دەگوترا (ناوچەی کێشە لەسەر) ئێستا کێشەیان لەسەر نەماوەو لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندایەو حکومەتی بەغداش لەگەڵ کوردستان لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە ڕێککەوتنی سەربازی بە ئامادەبوونی ئەمریکا کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر حکومەتی بەغدا بیەوێت بە ئاشتی و دیالۆگ کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەر بکرێت، ئەوا دەبێت خۆی هەماهەنگ و هاوکار بێت بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی، ئەگەر ئەو ئامادەباشییەشی تێدا نەبێت، ئەوا ڕێککەوتنی سەربازی لە نێوان بەغدا و هەولێر، هەروەها دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥یش ئەو مافەی بە پەرلەمانی کوردستان داوە کە یەکلایەنە بڕیاری ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە بدات.

٢- کێشەیەکی دیکەی گەورەی نێوان کوردستان و عێراق، بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو وەك سوپای بەرگریکاری کوردستان، ئێستا ئەم کێشەیە نەك هەر چارەسەر بووە، بەڵکو حکومەتی عێراق ڕێککەوتنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ئەنجامداوەو ئێستا وەك دوو سوپای دوو دەوڵەت پێکەوە دژی دوژمنێکی هاوبەش شەڕدەکەن، بۆیە ئەگەر پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە پێویستی بەجۆرێك بە لامەرکەزیکردنی هێزی سەربازی و ئاسایش هەبێت، ئەوا ئێستا جیاکردنەوەی هێزی پێشمەرگە وەك سوپای کوردستان سەرکەوتنی

**کێشەیەکی دیکەی گەورەی نێوان کوردستان و عێراق، بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو وەک سوپای بەرگریکاری کوردستان، ئێستا ئەم کێشەیە نەک هەر چارەسەر بووە، بەڵکو حکومەتی عێراق ڕێککەوتنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ئەنجامداوەو ئێستا وەک دوو سوپای دوو دەوڵەت پێکەوە دژی دوژمنێکی هاوبەش شەڕدەکەن**

**گەورەترین کێشەی نێوان کوردستان و عێراق، کێشەی خاک و دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان بوو، بەڵام ئێستا بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانەی پێیان دەگوترا (ناوچەی کێشە لەسەر) ئێستا کێشەیان لەسەر نەماوەو لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندایەو حکومەتی بەغداش لەگەڵ کوردستان لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە ڕێککەوتنی سەربازی بە ئامادەبوونی ئەمریکا کردووە**

**جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق لە رووی سەربازییەوە پێش ئەوەی ئامانج لێی سەربەخۆیی کوردستان بێت، ئامانجی سەرەکی هەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق و دووبارە رێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە، ئەوجا ئەم پرۆسەیەی رێکخستنەوەیە چەندی پێدەچێت و چۆن رێکدەخرێتەوە، ئەمەیان مەسەلەیەکە و پێوەندیی نێوان کوردستان و بەشە عەرەبییەکەی عێراقیش مەسەلەیەکی دیکەیە**

**دیاریکردنی جۆری پێوەندیی ئایندەی نێوان عێراق و کوردستان نەک هەر تەنیا بۆ ئەو دوو لایەنە، بەڵکو بۆ تەواوی رۆژئاواو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بە سوننە و شیعەوە گرنگی خۆی هەیە و یەکلابوونەوەی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان دەبێتە دروستکەری شارێگەی ئاشتی لەناوچەکەدا**

بەدەست هێناوەو لەگەڵ سوپای عێراقیشدا وەك سوپای دەوڵەتێکی دراوسێ هاوپەیمانە.

٣- کێشەیەکی هەستیاری دیکەی نێوان هەولێر و بەغدا، ئاراستەی سیاسەتی نەوتی حکومەتی عێراقە کە ئەو مافە لەکوردستان وەردەگرێتەوە کە خۆی خاوەنی سیاسەتی نەوتی خۆی بێت و خۆی نەوت دەربهێنێت و رەوانەی بازاڕەکانی نەوتی جیهانی بکات، لە ئێستادا ئەم کێشەیەش نەك هەر چارەسەر کراوە، بەڵکو بەشێك لە نەوتی عێراقیش لە رێگەی بۆرییە نەوتەکانی کوردستانەوە دەنێردرێتە دەرەوەو لەوێوە هەناردەی بازاڕەکانی نەوتی جیهان دەکرێت، هەروەها حکومەتی عێراق ئەوا بۆ ماوەی چوار ساڵە بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان نانێرێت و کوردستان بەرەو دروستکردنی ژێرخانی ئابوورییەکی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت، راستە حکومەتی کوردستان ناتوانێت وەك حکومەتی بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات، بەڵام ئەو قەیرانەی لەلایەن بەغداوە وەك گوشار لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروستکراوە، وا خەریکە وردە وردە دەڕەوێتەوەو کۆتایی دێت، بۆیە لەم حاڵەتە پرسی دابەشکردنی داهاتیش لەنێوان کوردستان و عێراق کۆتایی هاتووە.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە پرسی بەشداریکردنی کوردە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، لەمەشیاندا حکومەتی عێراق وردە وردە قەوارەی بەشداریی کوردی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کەم کردۆتەوە، بەڵام لایەنی کوردستانی بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پشکی شێری لەم کەمکردنەوەیە بەرکەوتووە، جۆرێك لە بێدەنگی هەڵبژاردووەو کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نییە کە بۆنی پەرۆشی ئەوەی لێبێت، جارێکی دیکە کوردستان دەبێتەوە بە بەشێك لە عێراق، بۆیە ئەمەش مانای ئەوەیە خەریکە رۆژ لەدوای رۆژ بەغداو کوردستان بەهێمنی لەیەکتری دووردەکەونەوە.

لەچوارچێوەی ئەم هاوکێشە ئاڵۆز و ناسکەی عێراق و کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، جۆرێك لە موزایەداتی سیاسی حزبە سیاسییەکان دیمەنی هاوکێشەکەی تەڵخ کردووە، کە بۆ پێگەو هەڵوێستی کوردستان باشتر بوو ئەو شێوازی موزایەدەی سیاسییە لەم قۆناخەدا بوونی نەبێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئاستێك کە موزایەدەی حزبە سیاسییەکان، یان خۆنزیکردنەوە لە مالیکی و هاوشێوەکانی کاریگەری لەسەر پێوەندیەکانی نێوان کوردستان و بەغداو رەوتی وتووێژەکانی کوردستان و عێراق بۆ سەربەخۆیی نەبێت، ئەوانەشی کە ئێستا خۆیان لەبەرەی دژی سەربەخۆیی و پرۆسەی دانوستاندنی کوردستان و عێراق بۆ سەربەخۆیی دەبیننەوە و دیاری بەلاشی کوردفرۆشی پێشکەشی داگیرکەران دەکەن، دەبێت باش بزانن نە ئەوان و نە نوری مالکیش لە ئایندەی سیاسی بەشە عەرەبییەکەی عێراق (نەك ئەو عێراقەی پێش ٢٠١٤) رۆڵیان نابێت و هەتا ئەگەر لە ئاکامی سندوقەکانی دەنگدانیشەوە کەسێکی وەك مالیکی شەرعییەتی ئەوەی پێبدرێت، بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەوا ئایندەی عێراق و ناوچەکەو کۆی هاوسەنگیی نێوان شیعەو سوننە و سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێگەنادات مالیکی و ئەوانەی وەك مالیکی بیردەکەنەوە لە پرۆسەی سیاسیی ئایندەی عێراقدا هیچ ئایندەیەکیان هەبێت.

بۆ ئەمەش گرنگە هەڵوەستەیەك لەسەر بێ بایەخبوونی رۆڵی پەرلەمانی عێراقی بکەین، کە باڵی نوری مالیکی و هاوپەیمانەکانی تیایدا باڵادەستن و بڕیارەکانی هیچ بەهایەکی نەماوە و بۆتە شوێنێك بۆ خۆنمایشکردن و موزایەداتی سیاسی، دیارە هۆکاری سەرەکی لە پشت بێ بایەخبوونی بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق لەلایەن حکومەتی ئەمریکاو کوردستانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێستا پەرلەمانی عێراق وەك پەرلەمانەکەی حکومەتی بەشار ئەسەد تەنیا نوێنەرایەتی ئەو کەسانە دەکات کە لەدەورو پشتی نوری مالیکی دەخولێنەوە، بۆیە لە ئێستادا ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین، تەنیا ئەو بڕیار و یاسایانەی حکومەتی عێراقی بایەخیان هەیە کە حکومەتی عێراق، حکومەتی کوردستان و حکومەتی ئەمریکا مەبەستیانە، لەم راستەوە دەکرێت ئاماژە بە یاسای حەشدی شەعبی بکەین، کە ئەم یاسایە داواکاری سەرەکیی حکومەتی ئەمریکا بووە لە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بەیاسا چارەنووسی ئەو هێزە



مەزهەبگەرایە بگۆڕێت بۆ هێزێکی نیشتمانی و لەژێر دەستی فەرماندەی میلیشیاکان بیهێنێتەدەرەوە و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە، لەسەر ئەم پرسە نوری مالیکی کەوتبووە دووڕیانێکەوە، یان دەبوو هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی یاسای حەشدی شەعبی تێپەڕێت، یان ئەو هێزە گوشاری دەخرایە سەر و لەبەریەك هەڵدەوەشێندرایەوە، بۆیە کاتێك یاسای حەشدی شەعبی پەسەند کرا، زۆر کەس وەك سەرکەوتنی باڵی نوری مالیکی ئەم سیناریۆیەیان بە کوردستان فرۆشتەوە، بەڵام پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ و شەڕفرۆشتنی هەندێك لە هێزەکانی حەشد بە پێشمەرگە، ئەو راستییەی سەلماند، ئەو یاسایە بۆ ئەوەیە لغاوی ئەو خەڵکانەی ناو حەشدی شەعبی بکەن، کە دەیانەوێت گێچەڵ دروست بکەن.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری پەسەندکردنی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٧ بکەین کە حکومەتی کوردستان ئامادەنەبوو پێوەی پابەند بێت، لەبەر ئەوەی زیانی لە ئابووریی کوردستان دا، وێڕای ئەوەی پەرلەمانتارانی گۆڕان و چەند لایەنێکی دیکە دەهۆڵی زۆریان بۆ کوتا، بەڵام سەرەنجام حەیدەر عەبادی رایگەیاند، ئەو پرسە پێوەندی بە رێککەوتنی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی بەغداوە هەیە.

هەموو ئەمانە پێکەوە راستییەکمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە بەغدا پێش کوردستان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە عەرەبی شیعە دەبێت هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بێت کە بەشە عەرەبییەکەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوەو لە پرۆسەی دانوستاندن بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەرمی بنوێنن و هەوڵبدەن ئەم پرسە بەزوویی و بە ئاشتییانە یەکلایی بێتەوە، لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان چەند لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندایە، هێندە زیاتریش بۆ ئایندەی عێراقی عەرەبی و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگە، بۆ ئەوانەی لە کوردستان و لەناو عەرەبی شیعەش دژی ئەم واقیعە تازەیەن و چاویان بە سەربەخۆیی کوردستاندا هەڵنایەت، ئەوا لە پرۆسەی سیاسیی ئایندەی عێراق و کوردستان هیچ رۆڵێکیان نابێت و ئەوەی ئێستا دەیکەن، راکردنە بەرەو ناو ئاگرەکە کە ئەمڕۆ بێت، یان سبەی دەیانسووتێنێت.

**سەربەخۆیی کوردستان چەند لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندایە، هێندە زیاتریش بۆ ئایندەی عێراقی عەرەبی و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگە، بۆ ئەوانەی لە کوردستان و لەناو عەرەبی شیعەش دژی ئەم واقیعە تازەیەن و چاویان بە سەربەخۆیی کوردستاندا هەڵنایەت، ئەوا لە پرۆسەی سیاسیی ئایندەی عێراق و کوردستان هیچ رۆڵێکیان نابێت و ئەوەی ئێستا دەیکەن، راکردنە بەرەو ناو ئاگرەکە کە ئەمڕۆ بێت، یان سبەی دەیانسووتێنێت**



**نازلی شوکری پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و تایبەتمەندی بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆگرامی سیستمی جیهانییە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و ئەندامی ئەکادیمیای ئەوروپییە بۆ زانستەکان، سەرەکیترینی ئەو پرس و بابەتانەش کە کاریان لەسەر دەکات، بریتین لە: سەرچاوەو ئاکامەکانی ناکۆکی و توندوتیژیی نێودەوڵەتی. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هۆکارەکانی ئەو ئاژاوە و پشێوییەی باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بەو تەحەددییانەی رووبەڕووی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەبنەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- بارودۆخێکی تا بڵێی لەرزۆکە، مایەی نادڵنیاییەوە و هەڵگری کێشەگەلێکی زۆرە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئەو هۆکارە ریشەییانە چین کە بوونەتەهۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە ئەوەندە ئاڵۆز و پڕ لە کێشە بێت؟**

- لە راستیدا هۆکارەکانی زۆرن، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە حکومەتەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە پشتیوانی جەماوەرییان لێناکرێت، هەروەها لە سەر ئاستی ناوخۆیی یەکبوون و تەبایی بوونی نییە، لەگەڵ دەستتێوەردانی دەرەکی و ململانێی هێزە دەرەکییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە. تا ئەو رادەیەی کە رەنگە بتوانین بڵێین کێشەکان بۆ هۆکارە مێژووییەکان و بۆ سەروەختی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێنەوە.

*** ئەی چۆن لە داڕووخانی نیزامی ئیقلیمی و داڕووخانی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەڕوانیت لە هەندێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- لە راستیدا ئەم داڕووخانە بە رەوتێکی خێراو لەسەر ئاستێکی بەربڵاو روویدا، کە زۆر زەحمەتیشە بتوانین لێکدانەوەی بۆ بکەین، جگە لەوە نەبێت کە ئەو دامەزراوانەی پشتیوانی جەماوەرییان لێناکرێت، ئەوا ناتوانن لە مەودای دووردا سەرکەوتوو بن. هەروەها من ناتوانم هۆکاری داڕووخانی ئەم دامەزراوانە بگەڕێنمەوە بۆ پرۆسەی پەرەسەندن، نەخێر ئەمە پێوەندی بەو پرۆسەیەوە نییە، ئەمە پەیوەستە بە پێوەندی نێوان خەڵك لەگەڵ دامەزراوەکان و سەرکردایەتیدا.

*** هەروەك دەزانن لەگەڵ سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیدا ئومێدێکی زۆر دروست بوو بە هێنانەئارای ئایندەیەکی باشتر و حوکمڕانییەکی باشتر، بەڵام بینیمان کە بەهاری عەرەبی ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی لێنەکەوتەوە، بۆچوون و لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا بەهاری عەرەبی یەکەم هەوڵ و هەنگاو بوو بەو ئاڕاستەیەدا، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو ئێمە چاوەڕوانییەکی زۆرمان لە بەهاری عەرەبی هەبوو، هەروەها بارودۆخێك هاتەئاراوە کە گروپگەلێکی زۆر دروست بوون و کەوتنە ململانێکردنی یەکتری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا روودانی بەهاری عەرەبی خۆی لە خۆیدا رووداوێکی گرنگ بوو.

*** ئایا هاوڕاییت لەسەر ئەوەی کە ئەرکی چارەسەرکردنی کێشەکان بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆ گەلانی ناوچەکە؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، چونکە کاتێك گەلانی ئەم ناوچەیە دەبینن کە ئەو هەموو دەستتێوەردانە دەرەکییانە لە وڵاتەکانیان دەکرێت، ئەوا دەبێت خۆیان بڕیار بدەن و ئەولەوییەتی خۆیان دەستنیشان بکەن، هەرچەندە ئەمەش کارێکی تا دواڕادە قورسە بەهۆی ئەو دۆخە پڕ لە گرژییەی لەئارادایە.

*** هەروەك دەزانن کێشەیەکی دیکەی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە بە دەست تایفەگەرییەوە دەناڵێنێت، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم کێشەیە چییە؟**

- زۆر راستە، ئەمە مشتومڕێکی زۆری دروست کردووە، هاوشێوەی ئەو مشتومڕەی دەکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا هێلکە پێش مریشکە، یان مریشك پێش هێلکەیە، مەبەستم ئەوەیە بگرە و بەردەکە ئەوەیە ئایا سەرەتا پەرە بە کۆمەڵگە بدرێت و دواتر پرسی تایفەگەری یەکلابکرێتەوە، یاخود سەرەتا رێککەوتن بکرێت لەبارەی چارەسەرکردنی پرسی تایفەگەری و دواتر هەنگاو بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە بگیرێتەبەر.

نازلی شوکری

تایبەتمەندی بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# لە کوردستاندا سەقامگیری و پێکەوەژیان هەیە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێبکات

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران ئەم ململانێ تایفەگەرییە بۆ پەرەپێدان بە دەسترۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بەکاردەهێنێت؟**

- لە راستیدا هەر تەنیا ئێران نییە کە هەوڵی درێژکردنەوەی دەسترۆیشتوویی خۆی دەدات، بەڵکو رووسیا و ئەمەریکاش ئەم کارە دەکەن، کە ئەمەش جێی داخە.

*** ئەی پێتانوانییە دۆخی پڕ لە پشێوی وڵاتانی ناوچەکە بواری بۆ ئێران رەخساندووە بۆ ئەوەی پەرە بە باڵادەستیی خۆی بدات؟**

- لە راستیدا ئێران سوود لەم دۆخە وەردەگرێت، بە هەمان شێوە سعودیەش سوود لەو بارودۆخەکە وەردەگرێت، هەروەها رووسیاش، کەواتە من لەم رووەوە هاوڕام لەگەڵتاندا، هەروەها من ناڵێم ئێوە گریمانەی ئەوە دەکەن کە بەس تەنیا ئێران سوود لەم هەلومەرجە وەردەگرێت، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە گەمەکارەکانی دیکەش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکەن.

*** هەروەك دەزانن بەشێکی زۆری خاکی عێراق دووچاری داگیرکاری و کاولکاری بۆوە لەسەر دەستی گرووپە تیرۆریستییەکان، بەڵام لە ئێستادا هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لەم وڵاتەدا باش بەرەوپێش چووە، پرسیارەکە ئەوەیە چ هەڵسەنگاندنێکتان بۆ ئەو رەوشە هەیە؟**

- من ئومێد دەکەم کە هەوڵ و هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریست و توندڕەوەکان سەرکەوتن بەدەست بێنن، ئەگەر پرسیاری ئەوەشم لێدەکەن ئایا سەرکەوتوو دەبن، ئەوا من نازانم، بەڵام ئەگەر شکست بهێنن، ئەوا دووچاری دۆخێکی خراپتر لە دۆخی ئێستا دەبینەوە.

*** لەبارەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە تێڕوانینتان چییە؟**

- لە راستیدا من زۆر شارەزای ئەم ناوچەیە نیم، بەڵام ئەوەی بیستوومەو خوێندومەتەوە، ئەوەیە کە رەوشێکی سەقامگیری هەیە بە بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەری. هەروەها توانیویەتی کەشێکی لەبار بۆ فرەیی و پێکەوەژیان دروست بکات و لە ئێستاشدا ئەوەی پێویستە پاراستن و درێژەپێدانی ئەو دۆخەیە.


*** ئەی پێتانوانییە کە پێویستە ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵبستن بە هاوکاریکردنی ئەم هەرێمە بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەو دۆخە بدات؟**

- من پێموایە پێویستە هاوکار بن، بەڵام لە راستیدا لەم رووەوە دوو بۆچوون هەیە، یەکەمیان پێیوایە پێویستە تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکار و یارمەتیدەر بن بۆ ئەم هەرێمە بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەو رەوشە بدات، دووەمیان بۆچوونی وایە کە باشترە لێگەڕێن دۆخەکە لەم هەرێمەدا خۆی پەرەبستێنێت.

*** کۆتا پرسیارمان لەبارەی پێشبینییەکانتانەوەیە بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە؟**

- لە راستیدا باشترین سیناریۆ کە بێتەدی ئەوەیە کە ئێستا دوو یان سێ نەوەی گەنج لەئارادان کە ئاستێکی بەرزی خوێندەوارییان هەیەو ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئومێدو متمانەم بەم نەوە گەنجە هەیە. خراپترین شتێکیش رووبدات ئەوەیە کە تەواوی ناوچەکە وەك سووریای لێبێت. هەروەها من پێم خۆشە بەو شێوەیە بیربکەمەوە کە ئەمە رووداوات، بەهۆی بوونی سیاسەت و رێگاچارەگەلێکەوە کە بوارنادەن بۆ ئەوەی دۆخێکی هاوشێوەی سووریا دروست بێتەوە.

# تەنها بە لۆژیکی دروست و هەماهەنگیی نێوانمان کوردستان دەگاتە کەناری ئارام



د. عمر ڕەنگینەیی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پارێزگاری لە سنوورەکانی باشووری کوردستان تەنیا ئەرك و مافی هێزی پێشمەرگەو ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هەر هێزێکی دۆست و براش کە پەرۆشی ئەو پرسە بێت، دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا بەرپرسەکانی ئەو حکومەتە بکات و مۆڵەتی بەرگریکردنی بەوێدا گوزەر بکات.

لە ئێستادا چاوی هەموو دونیا لەسەر دواهەناسەکانی داعش و ئاوابوونی تارمایی تیرۆرە، ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە گۆڕانکاری چارەنووسساز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و دەوروپشتمان بەتایبەتی بەڕێوەیە، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زلهێزەکانی جیهانیش جۆرێك لە دابەشبوونی نوێیان پێوە دیارەو هەر هێزەو لە خەمی ئەوەدایە زورترین سوود و دەستکەوت و غەنیمەی جەنگی لە کۆتابوونی داعشدا بۆ خۆی ببات، لێرەوە زۆر گرنگە بۆ هەموو هێزە کوردی و کوردستانییەکان کە هەموو جیاوازی ئایدیاو ناسازییەکانیان لە پێناو ئامانجە گەورەکەی کوردا کە سەربەخۆییە وەلا بنێن. بۆیە دەبێت هەموان تەباو یەکدەنگ بن بۆ گەیشتن بەو ستراتیجەو هیچ لایەك نەبێتە پردی پەڕینەوە بۆ زلهێزانی ناوچەکەو وەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی تەماعکاری ئەو زلهێزانە لەسەرخاك و ئاوی کوردان.

هەموو تاکێکی وشیاری کورد ئەوە باش دەزانێت، کە داگیرکەرانی کوردستان هەر ناوو ڕەنگ و دەنگێکیان هەبێت، هەرگیز چاویان بە بوونی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا هەڵنەهاتووەو هەڵیش نایەت، بەوانەشی کە خۆیان وەکو دۆستی کورد نیشان داوە، چونکە: لەهونەری سیاسەتدا بەرژەوەندی هەمیشەیی ڕۆڵ دەگێڕێت، نەك دۆستایەتی هەمیشەیی، لە کاتێکدا هیچ کام لەوانە دەستەواژەی دۆست بۆ کورد لەگەڵیاندا نایەتەوە، کەواتە ئێمەی کورد چ وەکو تاك و چ وەك نەتەوەو هێزە سیاسییەکان ئەگەر بۆ خۆمان لەخەمی خۆماندا نەبین، بێگومان هیچ کام لەو زلهێزانەی جیهان و ناوچەکە بۆ چرکەساتێکیش تەنانەت ئەگەر بۆ موجامەلەش بێت، چاویان بۆمان تەڕ نابێت، ئەگەر بێتو بەرژەوەندییەکی

خۆیان لە چاوتەڕکردنەوە چنگ نەکەوێت. بۆیە زۆر گرنگە هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سەرتاسەری کوردستان لەوە گەیشتبن کە قەوارەکەی باشووری کوردستان بەهەموو کەموکورتییەکانیشیەوە تاکە بەرهەمی بەفەرمی ناسراوی خوێنی شەهیدانی پارچەکانی کوردستانەو موڵکی هەرتاکێکی کوردە لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە بێت، هاوکات هەموو ئەو ئاریشەو تەنگەشانەی لە شنگاڵ و شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێم دروست دەبن، دەراویشتەی بەکۆتابوونی داعش و ئەو مەبەستانەیە کەداعشی لە پێناودا دروستکراوە، کە بێگومان ئەجینداگەلی فرەی لە پشتەوەیە، هەموو زلهێزەکانیش بەبێ جیاوازی بەرماڵی خۆیان تێهاویشتوە، بەیەکدادانی هێزە کوردییەکانیش بێگومان دەستی هێزە ناوچەییەکان و نەیارانی کوردی لەپشتەوەیەو بۆ ئەوەیە ئەم قەوارەیە فەرمییەش بەرەو لەناوچوون بەرن، چونکە بەئاکام نەگەیشتنی ئەم قەوارەیە، واتە نەگەیشتنی هەموو کوردە بە خەونی لەمێژینەو ڕەوای خۆی، دەستوورو یاساکانی کۆماری عێراقیش بەڕاشکاوی دانی بەو قەوارەیەدا ناوە.

کەواتە: ئەگەر هەر هێزێکی سەربازی و سیاسی سەرتاسەری کوردستان کاتێك خۆی وا وێنادەکات پەرۆشی پاراستنی سنووری باشووری کوردستان و خەڵکی کوردە بە ئێزیدی و هەر پێکهاتەو ئایینزایەکی ترەوە، دەبێت ئەو ڕاستییەی لەبەر چاو بێت کە هەر هەڵەیەك لەو ناوچە هەستیارانەدا بەزیانی زۆر گەورە لەسەر دۆزی کورد دەکەوێتەوە، کە ئیدی بەهیچ شێوەیەك جارێکی دی قەرەبوو نابێتەوە، بەرهەمەکەشی بێ هیچ گومانێك دەچێتە گیرفانی ئەوانەی هەردەم بەئاواتی لەناوچوونی قەوارەی کوردی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردەوە بوون، بە کوردی کرمانجی، پەلکێشکردنی نەیارانی کوردە بۆ گۆڕەپانی خاکی ئازادکراومان.

لێرەوە وەك نموونە: بوونی هێزەکانی سەربازیی (پەکەکە) لە دەڤەرێکی هەستیاری وەکو شنگال بۆ خۆی مایەی سەرئێشەی زۆرە بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی باشوور و قەوارەی ئیداری و سیاسی حکومەتی هەرێم، چ جای ئەوەی ئەو هێزە سەربازییە جموجووڵی سەربازی ئەنجام بدات و هەوڵی ئەوە بدات کە کانتۆن و قەوارەی ئیداری و سیاسی لەناوچانە دروست بکات. بێگومان هەموو هەوڵێکی لەو جۆرە لە ژێر هەر پاساو و بیانوویەك بێت، یان بۆی بتاشرێت؛ هیچ ئاکامێکی پۆزەتیفی نابێت، بێجگە لەوەی پاساو و پاس دەداتە دەستی هەر سێ حکومەتی تورکیا و ئێران و عێراق، بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی و سیاسیی لەو ناوچانە، دواجاریش لەدەستچوونی هەتاهەتایی ئەو دەڤەرانەی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە سیاسەتکردن بۆ خۆی هونەرو زانست و هەڵوێستە، نەك قسەی زل و دروشمی باق بریق. ئەرکی هەموو لایەنە کوردی و کوردستانییەکانیشە سەر بەهەر پارچەیەك بن، پارێزگاری لە سنوورەکانی باشووری کوردستان بکەن؛ بەڵام بە لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی وەزارەتی پیشمەرگەو حکومەتی هەرێم، لەهەمان کاتیشدا هەر دەستێوەردانێکی تۆبزی و زۆرەملێ لەلایەن هەر هێزێکی کوردستانییەوە لە هەرێمی کوردستانی باشوور خاوەنەکەی مەبەستی بێت، یان مەبەستی نەبێت، دەچێتە قاڵبی خیانەتی نیشتمانییەوە، چونکە ئاکامی زۆر خراپ و ناجۆری بۆ باشووری کوردستان بەتایبەتی و هەموو کوردستان بەگشتی لێدەکەوێتەوە، هاوکات دەبێتە هۆکاری بەفیڕۆدانی خوێنی سەدان هەزار شەهیدو ئەنفالکراو وێرانبوونی دەیان هەزار گوندو خانووماڵ کە بەدرێژایی مێژوو خەبات لەپێناوی ئازادیدا داومانەتە قوربانی.

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت: کە چیتر دەرفەتی ئەوەمان نەماوە گرفتە شەخسی و دەروونییەکانی خۆمان بکەینە ئەجیندای سیاسی و بەخەڵکی بەشمەینەت و خاکی کوردستانی بفرۆشینەوە، بەڵکو کاتی ئەوەیە لۆژیکی دروست بخەینەگەڕو هەنگاوی دروست بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بنێین، بە سوودوەرگرتن لەم دەرفەتە زێڕینەی هاتۆتەئاراوە، گەر لەدەستیشمان بچێت، ئۆباڵی زیاتر لە ملی ئەوانەیە کە خوێندنەوەی دروستیان بۆ هەلومەجە سیاسی و نێودەوڵەتییەکە نییە، دواجاریش ئەو گوتەیەی: کە گوایە نییەتیان باش بووە، هیچ دادیان نادات، چونکە مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.

***سەرۆکی ئەنجومەنی بزافی ئاشتیی ناوخۆیی لە سلێمانی**

**بوونی هێزەکانی سەربازیی (پەکەکە) لە دەڤەرێکی هەستیاری وەکو شنگال بۆ خۆی مایەی سەرئێشەی زۆرە بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی باشوور و قەوارەی ئیداری و سیاسی حکومەتی هەرێم، چ جای ئەوەی ئەو هێزە سەربازییە جموجووڵی سەربازی ئەنجام بدات و هەوڵی ئەوە بدات کە کانتۆن و قەوارەی ئیداری و سیاسی لەناوچانە دروست بکات**

**هەر دەستێوەردانێکی تۆبزی و زۆرەملێ لەلایەن هەر هێزێکی کوردستانییەوە لە هەرێمی کوردستانی باشوور خاوەنەکەی مەبەستی بێت، یان مەبەستی نەبێت، دەچێتە قاڵبی خیانەتی نیشتمانییەوە**

**چیتر دەرفەتی ئەوەمان نەماوە گرفتە شەخسی و دەروونییەکانی خۆمان بکەینە ئەجیندای سیاسی و بەخەڵکی بەشمەینەت و خاکی کوردستانی بفرۆشینەوە**



## سەربەست لەزگین سندوری

ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەوەی روویدا شەڕپێفرۆشتنی پەکەکە بوو، ئێمەش بەرگریمان لەخۆمان کرد

ئاشکرایە بەم دواییە پەکەکە رەوشێکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی لە سنونێ و خانەسۆر دروستکرد و تەنانەت دۆخەکە بەرەو پێکدادانیش هەڵکشا، بۆ زانینی راستی و دروستیی ئەم رووداوانە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ سەربەست لەزگین سندوری، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەی خۆبەخش، ئەنجامدا، کە خۆی لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو پەرەسەندنانە بووە، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** خانەسۆر ناوچەیەکی گرنگی کوردستانی باشوورە لەدەڤەری شنگال کە بە خوێنی ٦٠٠ پێشمەرگە لەدەست داعش ئازاد کرا، بەڵام پەکەکە لەم ناوچەیەدا هێزی خۆی فەرزدەکات، ئایا دەکرێت بزانین ئەم رووداوەی دوایی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی پەکەکەو دەست و تاقمەکەی بۆچی روویان دا؟**

- بەداخەوە پەکەکە لەناوچەی خانەسۆر قسەو قسەڵۆکی درۆی جۆراوجۆریان هەڵبەستووەو دەستیان داوەتە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی جیاجیا کە دەچێتە چوارچێوەی ئەجیندە و مەرامی دژ بە هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە، بەڵام راستیی مەسەلەکە ئەوە بوو کە ئەو جووڵەکردنە پێشتر لە بەرنامەی ئێمەدا هەبوو، وەك هێزەکانی رۆژئاوای دیجلە، واتە بەر لە مانگێك، چەند کۆبوونەوەیەك کرا لەسەرکردایەتی لەشکر، بەندە وەکو کادیرێکی خۆبەخش و ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوانەدا ئامادە بووم، چونکە لەم دوو ساڵەدا کە شەڕی داعش هەیە، بەشداری چەندین کاری لەشکری رۆژئاوای دیجلە بووم، وەکو ئەرکی سەربازی و هێزی لەشکری پێشمەرگە وا پێویست بوو هێزێکمان کە ئێستا لەسنووری بەنداوی موسڵە بەرەو ناوچەی سنوون و خانەسۆر پێشڕەوییان پێ بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزەکەی دیکەی پێشمەرگەکانی لەشکری رۆژ نزیکی یەك و پێکەوە بن، ئەمەش بۆ دوو مەبەست، یەکەمیان ئەگەر هاتوو بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان وایلێهات تێکبچێت و پێویستیان بەو هێزە بێت، ئەوا ئەمان هەرزوو بەفریای رۆژئاوا بکەون، لەلایەکی ترەوە هەندێك ناوچەو گوندی ناوچەی شنگالیش کە تائێستا لەژێر دەستی داعش ماون، کە بڕیارە بە ئۆپراسیۆنێك ئەو ناوچانە ئازاد بکرێنەوە، هەربۆیە پێویستە ئەم هێزەی کە جووڵەی پێکراوە، کەی هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە پێویستیان بەهاوکارییان بوو، هەرزوو ئامادە بن و هاوکاری ئازادکردنەوەی خاکی کوردستان بن و مەترسی داعش لەتەواوی ناوچەکەدا دووربخرێتەوە. ئەمە هەموو رووداوەکە بوو، ئێمە هیچ پلانێکی سەربازی و پێشڕەویی هێزی پێشمەرگەمان بۆ سەر کەس نەکردووە. بەڵام هەر زوو میدیاکانی پەکەکەو لایەنگرانی ئەو میدیایانە دەستیان بە هەڵمەتێکی ناڕەوا و شێواندنی راستییەکان کرد. هێزی پێشمەرگەکانی لەشکری رۆژ لە رۆژی پێنج شەممەی ٢٠١٧/٣/٢ جووڵەی پێکراو لەوشوێنەی بۆیان دیاریکرابوو، جێگیر بوون، بەڵام هەندێك لەو هێزانەی لە خانەسۆر بوونیان هەیە، لەپشت هێزەکەی پێشمەرگەوە بە شۆفڵ دەستیان کرد بە داخستنی رێگەگە لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژ و سنوونێ کە سەرقاڵی هەڵکەندنی سەنگەر بوون، کەچی هەرخۆشیان پڕوپاگەندەیان دەکرد بەوەی هێزی پەکەکە گەمارۆ دراوە، لەبری ئەوەی دان بە هەڵەکەیاندا بنێن، کەچی پڕوپاگەندەشیان کرد، ئەمە بووە هۆکاری کەوتنەوەی بارگرژی لەناوچەکەدا. هەربۆیە راستەوخۆ پێوەندیمان بە بەرپرسی پەکەکە کردو ئاگادارمان کردن کە دەبێت ئەو هێزە لەوێ هەڵبگیرێت، چونکە ناکرێت هێزێکی پێشمەرگە لەخانەسۆر بێت و هاتوچۆ بکات، کەچی رێگەی لۆجستییان لەگەڵ سنوونێ لێبگیرێت. ئەوە بوو بەرپرسەکەی پەکەکە وتی تا سبەینێ بواریان بدەینێ، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین و رێکبکەوین، منیش پێم وت ئاساییە، گفتوگۆ دەکەین، بەڵام ئەو هێزە ئەمشەو لەوێ لابەن بۆ ئەوەی سبەینێ منیش بێم و سەردانی هێزەکە دەکەم و لەوێ یەکتر دەبینین. هەربۆیە من ئەو شەوە لەسنوونێ بووم، لەدوای چاودێری و بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت ئەو ژن و منداڵ و خەڵکە سیڤلەی کە بەزۆر هێنابوویان، بۆ شەو رۆیشتن. بەڵام ئەوان هەرچی هێزی خۆیان هەبوو هێنایانە ئەو شوێنەو بە شۆڤڵ دەستیان کرد بەدروستکردنی رەبایەو سەنگەریان لەسەر رێگا سەرەکییەکە دروست کرد، بۆ ئەوەی رێگە بەهیچ ئۆتۆمبێلێك نەدەن هاتوچۆ بکات، هەربۆیە بۆ سبەی جموجوڵمان بەهێزی پێشمەرگە لەشکری رۆژ کردو بەناچاری لەسەر رێگای قیر نەڕۆشتین و فەرمانمان بەهێزەکەمان دا، لەتەنیشتەوە بسوورێنەوەو بڕۆن و بەهیچ شێوەیەك یەك گوللە لەتفەنگی لەشکرەکەی رۆژ دەرنەچێت، کەچی مەخابن کە چوون ئەوان تەقەیان لە پێشمەرگە کرد، پێشمەرگەش دەبێت دەستی کراوە بێت و بەرگری لەخۆی بکات لەکاتێکدا هەر گرووپێکی چەکدارو لایەنێك تەقەیان لێبکات، ئەوە بوو بارگرژی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر دروست بوو، منیش لەگەڵ سوپاسالاری پێشمەرگە فەریق جەمال پێکەوە بووین و هەر لە کاتژمێری یەکەمەوە هەوڵماندا تەقەکە بوەستێنین، ئەوە بوو بەرپرسی پەکەکە داوای راگرتنی شەڕەکەی کردو یەك دوو کاتژمێر شەڕ راوەستا، دوای ئەوەی رەبایەو ساترەکانمان هەڵگرتن و رێگەمان کردەوە بۆ هێزەکانی خۆمان، کاتێك تواناو هێزی پێشمەرگەیان بینی راستەوخۆ بۆ ئێوارە بەرپرسەکەیان هات و گلەییمان زۆر لێکردن بەوەی چۆن لەناو خاك و ماڵ و وڵاتی خۆمان و هەرێمی کوردستاندا رێگە لەپێشمەرگە دەگرن، پێمانگوتن جموجوڵی سەربازی هێزی پێشمەرگە لەناو خاکی کوردستاندا پێوەندی

**پەکەکەو هێزەکانی جگە لەچۆڵکردنی شنگال و تەواوی ناوچەکە هیچ رێگە چارەیەکی دیکەیان نییە، هەموو مەرام و بیرو بۆچوونێکیش بۆ دابڕانی شنگال لەکوردستان شکست دەهێنێت و خەڵکی شنگال کوردی رەسەنن و خۆیان بەکوردستانی دەزانن**

**ئەمڕۆ بەهەوڵ و کۆششی جەنابی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، هێزی پێشمەرگە بووەتە سوپایەکی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی و لەناوچەکەدا حیسابی وردی بۆ دەکەن**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان ماوەی دوو ساڵە بەدرێژایی ٨٠ کیلۆمەتر خەندەق و ساتری لێداوەو دژی تیرۆریستانی داعش بەرگری لەم دەڤەرە دەکات، ٨٠٪ی ئەو هێزەش پێشمەرگەکانی هێزی شنگالن**

بەئێمـەوە هەیـە، ڕەفتـارو ڕێگەگرتـن لەهێـزی پێشـمەرگە هەڵەیەکـی گەورەیـە، چونکـە پەکەکـە لەهەرێمـی کوردسـتاندا حوکمـڕان نییـە. هەروەهـا پەیامـی جەنابـی سـەرۆك بارزانی-مـان پـێ گەیانـدن کـە لەدەسـتپێکی شـەڕەکەوە جەنابـی سـەرۆك بارزانـی نەیویسـت شـەڕەکە ببێـت و گـەورە ببێـت، بەرپرسـەکەی پەکەکـەش بـاش دەیزانـی کە جەنابـی مسعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان نایەوێـت شـەڕ ڕووبـدات، هـەر بۆیـە ئێمـەش ئامـادەکاری ئـەو شـەڕەمان نەبـوو، بـەڵام کـە بەڵایـەك هاتـە بەردەمـان بەناچـاری بەرگریمـان لەخۆمـان کـرد.

*** سـەبارەت بەهەڵوێستی پەکەکە بەرامبـەر کوردانـی ئێزیـدی؛ ئـەوان بەئاشـکرا لەسـەر زاری سـەرکردەکانیان دەڵێـن، ئێزیـدی عێراقییـەو کـورد نیـن، تەنانـەت خاکـی شـنگال بەخاکـی عێـراق دادەنێـن. ئایـا ئـەم لێـدوان و چەواشـەکارییانە بۆچـی دەکـەن؟**

- ڕێژەیەکـی زۆر زۆر کـەم لەکوردانـی ئێزیـدی کـە بەهـۆی کارەسـاتی شـنگالەوە ڕوویـان لەکوردسـتانی ڕۆژئـاوا کـردو لەلایـەن پەکەکـەوە ئیسـتغلال کـران. مەفرزەکانـی پەکەکـە ئـەو کات دۆخەکەیـان قۆسـتەوە بەهـۆی بوونیـان لـە ناوچـە سەرسنوورییەکان بەتایبەتـی کـە لـە ڕۆژئـاوای چیـای شـنگال هەبـوون، هەربۆیـە خەڵکەکـە بەناچـاری دوای ئـەوەی گەمـارۆ درابـوون، ڕوویـان لەسـوریا کـردو لەکەمپـی نـەورۆز نیشـتەجێ کـران کـە ٣٠٠٠ خێزانـن و کـوڕو کچەکانیـان ڕاپێچـی پەکەکـە کـردوون و بەکاریـان دەهێنـن، تەنانـەت بەهـۆی پێدانـی بودجـەوە لەلایـەن عێراقـەوە هـەر لە٢٠١٤ـەوە تـا ئێسـتا توانیویانـە ژمارەیـەك کـوڕو کچـی ئێزیـدی بخزێننـە نـاو ڕیزەکانـی حەشـدی شـەعبییەوەو لیسـتی موچەکانیـان لەلایـەن حەشـدی شـەعبییەوە بـۆ ڕێکخـراوە بەنـاوی یەپەشـەوە کـە خـۆی لـە ڕاسـتیدا هـەر هێزەکانـی پەکەکـەن. بەمشـێوەیە بـۆ مـاوەی ٢-٣ سـاڵە کار دەکـەن و یارمەتـی دارایـی لەحەشـدی شـەعبی وەردەگـرن و چـەك و تەقەمەنییـان لەسوریاوە لەڕێگـەی بەشار ئەسـەد و سـوپای سـوریاوە بـۆ دێـت، هەمـوو ئـەم پێوەندییـە نهێنـی و ئاڵۆزانـە بـۆ دابڕانـی شـنگالە لەکوردسـتان، ئەمـەش دژ بەخواسـتی زیاتـر لـە ٩٥٪ی خەڵکـی شـنگالەو نایانەوێـت لەگەڵـی خۆیـان داببڕێـن. جەنابـی سـەرۆك بارزانـی چەندینجـار لەگـەڵ خەڵکـی شـنگال کۆبووەتـەوەو پێـی وتـوون ئێـوە بڕیـاری خۆتـان دەدەن و چارەنووسـی خۆتـان دیـاری دەکـەن، پێـی گووتـوون چیتـان پێخۆشـە ئێمـە پشـتگیریتان دەکەیـن. هەرچۆنێـك بێـت ئـەو گـرووپ و چەکدارانـەی بەنـاوی جۆراوجـۆرو ئـاڵای جیاجیـاوە لەناوچەکانـی خانەسـۆر و سـنوون و شـنگالن، خۆیـان سـەپاندووە، بەڵایەکـی گـەورەن بەسـەر خەڵکـی شـنگالەوەو چارەنـووس و ئاینـدەی کوردانـی ئێزیدی دەخەنە مەترسییەوە، ئیستغلالی ئەوەیان کردووە کـە سـەرۆك بارزانـی ڕێـگا نـادات شـەڕی براکـوژی ڕووبـدات.

*** کەواتـە بـە شـێوەیەکی گشـتی چـۆن لـە هەڵسـوکەوتەکانی پەکەکـە دەڕوانیـت؟**

- مـن بـاوەڕم وایـە هەڵسـوکەوتەکانی پەکەکـە زیانـی بـە خۆیشـی گەیانـدووە، چونکـە ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت، پەکەکـە لـە لایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـەوە وەکـو ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی دەناسـرێت. تەنانـەت لەدواشـەڕیان لەکوردسـتانی تورکیا کـە ناسراوە بەشـەڕی خەندەقـەکان لەنـاو باژێڕەکانـی شـارە کوردسـتانییەکان ئەوەنـدەی دیکـە ناووناوبانگیـان دابـەزی و زیانێکـی گەورەیـان بەگەلـی کوردسـتان لـەو بەشـەی کوردسـتان گەیانـد، بگـرە بەهـۆی ماڵوێرانـی و کۆچکردنـی خەڵکێکـی زۆرەوە لایەنگرانیـان ڕوویـان لەکەمـی کـرد، هـەر ئەمەشـە وایکـردووە پەکەکـە لەتوانایـدا نەبێـت تەنانـەت پارێـزگاری لـە گوندێـك بـکات لەباکـووری کوردسـتان.

*** بـەڵام دۆخەکەیـان لەکوردسـتانی ڕۆژئـاواش شێواندووە، تەنانـەت بـاس لـەوە دەکرێت کە ئـەوان نـاوی کوردسـتانی ڕۆژئاوایـان سـڕیوەتەوە؟**

-بەڵـێ، ڕاسـتە؛ چونکـە کاتێـك لـە ٢٠١١ بارودۆخـی سـووریا تێکچـوو، پەکەکـە لەگـەڵ سـوپای بەشار ئەسـەد دەوروتەسـلیمێکیان کـردو ئـەو شـوێنانەی سـوپای بەشـار ئەسـەد لێـی کشـایەوە، ئـەوان وەکـو وەکالەتـی ڕژێمـی ئەسـەد لـەو شـوێنانە مانـەوە. بەمشـێوەیە پەکەکـە لـە سـووریا هیـچ حزبێکـی کوردسـتانی و ئـاڵاو دروشـمێکی قبـووڵ نییـە، کەچـی ئـاڵاو دروشـمی بەعـس و ڕژێمـی سـوورییایان لاپەسـەندە و ئـاڵای کوردسـتان و دەوڵەتـی کوردسـتان و پێشمەرگەشیان پـێ قبـووڵ نییـە، تەنانـەت ڕێـگا نـادەن جگـە لەخۆیـان کەسـی دیکـە لـە ڕۆژئـاوا بێـت. هەربۆیـە لەداهاتـوودا پەکەکـە لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان نـە هیچـی دەسـتدەکەوێت، نـە دەهێڵێـت کـوردی ڕۆژئـاوا چارەنووسـی دیـار بێـت، ئـەوان تەنیـا میکانیزمێکـن بـۆ مـەرام و ئەجینـدەی وڵاتانـی دەرەکـی، تەنانـەت پەکەکـە لـە دواکۆنگرەیانـدا ڕۆژئـاوای کوردستانیان لاداو باکووری سوورییایان دانـا، لەتورکیاش دەڵێـن- ئێمـە تورکیایەکـی دیموکراسیی جوانمـان دەوێـت- واتـا کـوردو کوردایەتـی لەبیـرو مەنهەجیانـدا نییـە، خۆیـان لەسـەر تەلەفزیـۆن قسـەدەکەن و دەڵێـن- لەئەخـلاق و سـتراتیژییەتی ئێمـەدا دەوڵەتـی کـوردی ودەوڵەتـی نەتەوەیـی بوونـی نییـە.

*** بـەڵام مانەوەیـان لەشـنگال کاریگـەری لەسـەر**

**لەشکری ڕۆژ لەشەڕەکانی ڕزگارکردنەوەی خاکی باشووری کوردستان لەمیحوەرەکانی خازرو مەخموور و تەلەسقوف و بەعشیقەو دەڤەرەکانی دیکە زیاتر لە ٢٠ شەهیدیان داوە، لەگەڵ ئەمەشدا پەکەکە بێڕێزی بە شەهیدەکان و ئاڵای سەر تابووتی پێشمەرگە شەهیدەکان کردووە**

**هیچ ڕێکخراوێکی بیانی و کۆمپانیایەک نییە ئامادە بێت بچێتە شوێنێک کە پەکەکە تیایدا بوونی هەبێت، خەڵکی شنگال ئومێدەوارە پەکەکە بەزووترین کات سنوورەکان چۆڵ بکات چونکە ئەم شوێنانەی کە پەکەکە بوونیان هەیە شوێنی ڕاستەقینەی ئەوان نییە**

**ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی خەڵکەکەی دەبێت، ئایا دەبێت پەکەکە ببێتە هۆکاری ئەوەی شنگال ئاوەدان نەکرێتەوە؟**

- بەهۆی بوونی پەکەکەو ئەو نائارامی و دۆخەی لەم ناوچانە دروستیان کردووە، لەو ٤٠٠ هەزار کەسەی کە لەشنگال ئاوارە بوون، کەمتر لە ٥./ی گەڕاونەتەوە، چونکە پەکەکە لەهەرشوێنێك بوویێت، خەڵکی لە چارەنووسی خۆیان دڵنیانین، هەر شوێنێکیش ئارامی تێدا نەبێت ئاوەدان ناکرێتەوە، ئەوان خەڵکیان رفاندووەو کوشتوویانەو تەقەیان لێکردوون، خەڵکی تاوانباریان داڵدە داوەو کردوویانە بەچەکدار، پەکەکە خراپەکارییەکی زۆر لەسنووری شنگال ئەنجام دەدەن، لەگەڵ ئەمەشدا جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندینجار جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت دۆخەکە هێوربکرێتەوەو رێگەنەدرێت بارگرژی دروست بێت. بۆ رزگارکردنی چیای شنگال و سەنتەری شاری شنگال پێشمەرگەی کوردستان ٦٠٠ شەهیدی داوە، ئەو شەهیدانەش لەناو هەموو ریزەکانی پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی بوون، ئەو کاتەش پەکەکە هەر سەرقاڵی دروستکردنی ئاڵۆزی بوون و خەڵکیان رفاندووەو کوشتووە، ئەم هەڵسوکەوتانە لەلایەن هیچ کوردو کوردستانییەك جێگای قبووڵکردن نییە، پەکەکە بووەتە هۆکاری نائارامی و بارگرژی لەدەڤەری شنگال و هیچ رێکخراوێکی بیانی و کۆمپانیایەك نییە ئامادە بێت بچێتە شوێنێك کە پەکەکە تیایدا بوونی هەبێت، خەڵکی شنگال ئومێدەوارە پەکەکە بەزووترین کات سنوورەکان چۆڵ بکات چونکە ئەم شوێنانەی کە پەکەکە بوونیان هەیە شوێنی راستەقینەی ئەوان نییە. یەکێك لەو هۆکارانەی کە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و NGOکانی ناوخۆو جیهانی ناتوانن لەشنگال و ناوچەکە کار بکەن، نەبوونی نائارامییە کە لەسایەی پەکەکە دروست بووە.

*** ئایا لەشکری رۆژ دەگەڕێتەوە رۆژئاوای کوردستان؟**

- ئەو لەشکرە کە دروستبووە بۆ ئەوە بوو کە بچنەوە رۆژئاوای کوردستان و بەرگری لە دەڤەرەکە بکەن، رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی پێشمەرگەکانی ئەو دوو هێزەی لەشکری رۆژ زیاتر دەبێت، ئێستاکە ١٠٠٠ پێشمەرگەی دیکەش زیاد بووە لەناوەندەکانی مەشق و راهێنان و لەماوەیەکی نزیکدا هەموو لەشکری رۆژ ئامادە دەبێت و لەئامادەباشیدا دەبێت بۆ ئەوەی بچنەوە رۆژئاوای کوردستان و پارێزگاری لەخەڵکی مەزڵوومی رۆژئاوای کوردستان بکەن، گەرچی ئێستا ئەوە بۆ دووساڵ دەچێت لەلایەن پەکەکەو ئەوانەی بەناوی دیکەو لەژێر بیرو هزری پەکەکەدان رێگرییان لێ دەکرێت. لەشکری رۆژ لەشەڕەکانی رزگارکردنەوەی خاکی باشووری کوردستان لەمیحوەرەکانی خازرو مەخموور و تەلەسقوف و بەعشیقەو دەڤەرەکانی دیکە زیاتر لە ٢٠ شەهیدیان داوە، لەگەڵ ئەمەشدا پەکەکە بێڕێزی بە شەهیدەکان و ئاڵای سەر تابووتی پێشمەرگە شەهیدەکان کردووە، ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر تەحەمولی رەفتارە ناشیرین و دوژمنکارییەکانی پەکەکەمان کردووە، چارەنووسی رۆژئاوای کوردستان زۆر نادیارو ناڕوونە و رۆژ لەدوای رۆژ لەگۆڕانکاری خێراو بەردەوامدایە.

*** ئایا هێزی پێشمەرگە لەمیحوەری شنگال تاچەند لەئامادەباشیدایە بۆ هەموو ئەگەرەکان، دەتوانین بڵێین ئێستا دەڤەرەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پارێزراوە؟**

- هێزی پێشمەرگەی کوردستان ماوەی دوو ساڵە بەدرێژایی ٨٠ کیلۆمەتر خەندەق و ساتری لێداوەو دژی تیرۆریستانی داعش بەرگری لەم دەڤەرە دەکات، ٨٠./ی ئەو هێزەش پێشمەرگەکانی هێزی شنگالن، چەند گوندو ناوچەیەکی دیکەی شنگالیش لەدەست داعش ئازاد نەکراون و لەپلان و بەرنامەدایە بەم نزیکانە بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەت و سوپای عێراق ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەستی پێبکرێت، ئەمەش لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی تەلعەفەرو بەعاج و بلیج دەبێت کە شوێنێکی عەرەبنشینەو لەسەر سنووری شنگال و هەرێمی کوردستانن، بەمەش هێڵی بەرگری بۆ پاراستنی شنگال و تەواوی ناوچەکە دەگاتە ١٢٠-١٣٠ کیلۆمەتر، ئەمڕۆ بەهەوڵ و کۆششی جەنابی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان هێزی پێشمەرگە بووەتە سوپایەکی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی و لەناوچەکەدا حسابی وردی بۆ دەکەن و هاوپەیمانێتی جیهانی هەیە لەگەڵ هێزەکانی وەکو ئەمەریکاو ئەڵمانیاو سەرجەم وڵاتانی هێزی هاوپەیمانی دژ بە داعش. پەکەکەو هێزەکانی جگە لەچۆڵکردنی شنگال و تەاوی ناوچەکە هیچ رێگە چارەیەکی دیکەیان نییە، هەموو مەرام و بیرو بۆچوونێکیش بۆ دابڕانی شنگال لەکوردستان شکست دەهێنێت و خەڵکی شنگال کوردی رەسەنن و خۆیان بەکوردستانی دەزانن.

**بەهۆی بوونی پەکەکەو ئەو نائارامی و دۆخەی لەم ناوچانە دروستیان کردووە، لەو ٤٠٠ هەزار کەسەی کە لەشنگال ئاوارە بوون، کەمتر لە ٥./ی گەڕاونەتەوە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی چەندینجار لەگەڵ خەڵکی شنگال کۆبووەتەوەو پێی گوتوون ئێوە بڕیاری خۆتان دەدەن و چارەنووسی خۆتان دیاری دەکەن و چیتان پێخۆشە ئێمە پشتگیریتان دەکەین**

پیتەر واڵێنستیین

## پرۆفیسۆری دیراساتی ئاشتی و ناکۆکی بۆ گوڵان:

# بەردەوامیی ئەزموونی کوردستان کاریگەرییەکی بەهاداری لەسەر ناوچەکە دەبێت

*** ئایا بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن؟**

- بە شێوەیەکی گشتی توندوتیژی باڵی کێشاوە بەسەر دۆخەکەدا و نزیکەی نیوەی وڵاتە ئەندامەکانی جامیعەی عەرەبی لە ناکۆکیی چەکدارییەوە تێوەگلاون، کە ئەمەش مایەی نیگەرانییەو دۆخێکی نائاساییە کە هەموو ئەو وڵاتانە لە یەك کاتدا لە ناکۆکیدا بن.

*** ئێوە کارتان لەسەر پرسی چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەرپێگرتن بە ناکۆکی کردووە، بۆچی لەم ناوچەیەدا گەیشتن بە رێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان قورسە و بۆچی کاتێك ئەو رێککەوتنانە ئەنجام دەدرێن، درێژە ناکێشن و هەڵدەوەشێنەوە؟**

- من هۆکارەکەی بۆ نەبوونی نەریتی ئەنجامدانی رێککەوتنی ئاشتی سەرتاسەری دەگەڕێنمەوە، ئەگەر دۆخەکە بەراورد بکەین بە ئەفریقیا، ئەوا دەبینین لە ئەفریقیادا ئەم رێککەوتنانە کراون و کاتێکیش شکستیان هێناوە، ئەوا سەرلەنوێ دەستیان پێکردۆتەوە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رێککەوتنگەلێکی کەمی هاوشێوە کراوە، ئەمەش بۆ نەبوونی متمانە و بوونی گومان دەگەڕێتەوە لەبەرامبەر ئامادەیی لایەنی بەرامبەر بە پابەندبوون بە رێککەوتنەکەوە.


*** ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت ئێمە بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژ ناسەقامگیری لەم ناوچەیەدا دەبینین؟**

**تەنیا هەوڵ و هەڵمەتە سەربازییەکە بەس نییە و دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت هەر گرووپێک پشکی خۆی لە دەسەڵاتدا پێبدرێت**

- نیگەرانی من ئەوەیە کە هەر رێککەوتنێکی ئاشتی بکرێت، ئەوا دەبێت چەندین لایەن تێیدا بەشدار بن و رێککەوتنێکی گەورە بێت کە هەموان ئامادەبن بە هەمان ئاڕاستەدا هەنگاوهەڵبگرن، بەڵام لە ئێستادا ئەمە روونادات و چەندین رکابەری هەن لە ناوچەکەدا و ئەمەش پێویستی بە سازدانی کۆنفرانسێکی گەورەی ئاشتی هەیە بۆ سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت رێگاچارەیەك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ناکۆکییانەدا بدۆزرێتەوە. بەداخەوە لە ئێستادا کەسانێکی کەم هەن کە ئامادەبن ئەم دەستپێشخەرییە بکەن و کاتی خۆیان بۆ ئەم پرسە تەرخان بکەن، بەڵام ئومێدەکە ئەوەیە لە ئایندەدا کەسانێك هەبن کە بە تێڕوانینێکی بەرفراوانتر لەم ناوچەیە بڕوانن.

*** لە ئێستادا بزووتنەوە توندڕەو و تیرۆریستییەکان زیانێکی کارەساتبار و کاولکاری زۆریان بەسەر وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا هێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت لە پاڵ هەڵمەتە سەربازییەکەدا چیدیکە بکرێت بۆ لەناوبردنی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییانە؟**

- لە راستیدا پێویستە چاکسازیی سیاسی بکرێت، واتە تەنیا هەوڵ و هەڵمەتە سەربازییەکە بەس نییە، بەڵکو دەبێت ژیانی سیاسیش بە شێوەیەکی جیاواز رێکبخرێتەوە و کار بۆ ئەوە بکرێت هەر گرووپێك پشکی خۆی لە دەسەڵاتدا پێبدرێت، واتە دەبێت رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات هەبێت، کە تێیدا کەمینە و گروپەکانی زۆرینە نوێنەرایەتی بکرێن



**پیتەر واڵێنستیین، پرۆفیسۆرە لە بەشی دیراساتی ئاشتی و ناکۆکی لە زانکۆی ئۆپسالای سوید، هەروەها توێژەرە لە ئامۆژگای کرۆك بۆ دیراساتی ئاشتیی نێودەوڵەتی. شارەزای چەند بوارێکی گرنگە وەك: کاروبارە جیهانییەکانی پەیوەست بە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ئیقلیمییەکان، بەرگرتن لە ناکۆکی و چارەسەرکردنی، بنیادنانی ئاشتی و پرۆسەی ئاشتی. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پرسی بەرگرتن لە ناکۆکی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی چارەسەرکردنی تەنگژە و تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

و کار لەسەر پێدانی خۆبەڕێوەبەری –ئۆتۆنۆمی- بکرێت، چونکە ئەمە تەنیا پرسێکی سەربازی نییە.

*** هەروەك دەزانن کورد نەبۆتە بەشێك لە کێشەی نێوان شیعە و سوننە و بگرە توانیویەتی کەشێك دروست بکات کە تێیدا گرووپە ئیتنی و ئایینییە جیاوازەکان بتوانن ئاشتییانە پێکەوە بژین، ئایا ئایندەی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- راستە دەستکەوتی بەرچاو بەدەستهاتووە و ئاشکرایە – لەم هەرێمەدا- هۆشیاری هەیە بە چۆنیەتی دروستکردنی کۆمەڵگەیەك کە بوار بە هەموان بدات کە کاریگەرییان هەبێت، خۆ ئەگەر بتوانرێت درێژەی پێبدرێت ئەوا دەبێتە مۆدێلێکی سەرکەوتوو بۆ ناوچەکە، هەروەها من هیوادارام ئەزموونی کوردستان بەردەوام بێت و هاوکاری بەردەوام بێت، ئەمە دەبێتە نموونەیەکی باش و کاریگەرییەکی زۆر بەهاداری لەسەر ناوچەکە دەبێت.

*** بەڵام لە ئێستادا ناکۆکی و جیاوازی هەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، ئایا پێتوایە باشترین رێگاچارە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان چییە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی دەبێت هەوڵ بدرێت رێگاچارە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن و رەنگە باشتر بێت لایەنی سێیەم بێتە نێو ئەم پرۆسەی گفتوگۆیەوە لەبەر ئەوەی ئەمە پرۆسەیەکی گرنگە و لە راستیدا هەمیشە پێویست بەکارکردن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەکات، بەڵام دەبێت ئەمە هاوشان بێت بە خۆبەڕێوەبەرییەکی بەهێز و ئەمەش تەنیا لە رێی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە بەدی دێت.

*** ئایا پێتانوایە جیابوونەوەی کوردستان و سەربەخۆبوونی رێگاچارەیەکی باشە بۆ کۆتاییهێنان بەو ناکۆکییە؟**

- پێموایە هێشتا کاتی گونجاو بۆ گرتنەبەری ئەم هەنگاوە نەهاتووە، چونکە هەمیشە مەترسیی ئەوەی هەیە ناکۆکی زیاتری لێبکەوێتەوە لەبری ئەوەی بە ئاڕاستەی گرتنەبەری رێگاچارەی گفتوگۆ و هێنانەئارای تەرتیباتێکی دەستووریی نوێدا بڕوات. واتە ترسی من ئەوەیە ئەمە ببێتەهۆی چڕبوونەوەی ناکۆکییەکان و رەنگە باشتر بێت کە ئەمە لە ئەنجامی پرۆسەیەکەوە بێت لەبری ئەوەی لایەنێك بڕیارێکی تاکلایەنە بدات.

*** بەڵام پێتوانییە لە دوای رووداوەکانی بەهاری عەرەبی و هەژانی ناوچەکەوە لە ئێستادا ئەگەری گۆڕانە سنوورییەکان و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ هاتۆتەئاراوە؟**

- لە راستیدا پشێوی و ناکۆکییەکانی ناوچەکە پێویستیان بە بیرکردنەوە و بیرۆکەی نوێ هەیە بۆ ئەوەی سەرلەبەری ناوچەکە سەرلەنوێ رێکبخرێتەوەو هیوادارام لەم رووەوە دەستپێشخەری بکرێت و تەنیا گرووپێکی دیاریکراویش لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵکو تەواوی ناوچەکە رەچاو بکرێت بۆ ئەوەی دۆخی ئاشتی بگەڕێندرێتەوە.

**ناکۆکییەکانی ناوچەکە پێویستیان بە بیرکردنەوەو بیرۆکەی نوێ هەیە بۆ ئەوەی سەرلەبەری ناوچەکە سەرلەنوێ رێکبخرێتەوە**